# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٩٧) ساڵی بیست و سێ   ٢٠/ شوبات / ٢٠٢٣/زایینی   ١/ ڕەشەمێ /٢٧٢٢/ کوردی   ٢٩/رەجەب/١٤٤٤ کۆچی

**297**



**یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢** ل ١

یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ل ٧

ڕێنمایی ڕێبەری لە ناوبردن و ریسایکل کردنی بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ل ١٧

ڕێنمایی پشکنینی دۆزینەوەی خێرا بە ئەنتیجین بۆ دەستنیشان کردنی نەخۆشی کۆرۆنا

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢٠

ڕێنمایی دۆزینەوەی هەڵی کار بۆ دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگا تەندروستیەکان کە دانەمەزراون لەکەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢١

ڕێنمایی تایبەت بە شوێنەکانی مەساج کردن لە هۆتێلی (چوار و پێنج) ئەستێرەی و سەنتەرەکانی سپا

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٨

هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ٣١

هەمواری ڕێنمایی دروستکردنی پۆند ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٣٢

تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (باران)

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٣٢

تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (گردەکەوان)

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی داد** ل ٣٣

کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی ئێوارانی هەولێر/٢)

**بەیانی ژمارە (٢ - ٣ - ٤)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ل ٣٤

**بەیانی ژمارە (١ - ٢ - ٣ - ٤ - ٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ل ٣٥



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصـدر مـن قبـل وزارة العـدل

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

العدد (٢٩٧) السنة ثالث و العشرون ٢٠/ شباط /٢٠٢٣ ميلادي ١/ رەشەمێ / ٢٧٢٢/ كوردي ٢٩/ رجب/١٤٤٤هجري


# 297


القانون رقم (١٥) لسنة ٢٠٢٢ ص ٣٦

قانون إنفاذ وتعديل تطبيق قانون التوقيع الإلكتروني والمعاملات الإلكترونية رقم (٧٨) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان - العراق


## فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة ص ٧

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة ص ١٧

تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة ص ٢٠

تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة ص ٢١

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الماليه والاقتصاد ص ٢٨

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الزراعة والموارد المائية ص ٣١

بيان رقم ( ١ - ٢ ) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية ص ٣٢

بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العدل ص ٣٣

بيان رقم (٢ - ٣ - ٤) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٣٤

بيان رقم (١ - ٢ - ٣ - ٤ - ٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة ص ٣٥



No. 297 Date: February , 20 , 2023 Vol.: 23



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک**

**بڕیار**

**ژمـارە (٤)ی سـاڵی ٢٠٢٣**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردسـتان کە لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (١٤)ی رۆژی ٢٠٢٢/١١/٢٩ کردوویەتـی، بڕیارمانـدا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

یاسای واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢، لە هەرێمی کوردستان - عێراق، بەرکار و هەمواری پیادەکردنی دەکرێت.

**ماددەی (٢):**

بـۆ جێبەجێکردنـی ئەم یاسـایە، دامەزراوەکـان و فەرمانگەکـانی هەرێـم و ئەوانەی خـاوەن پۆسـتن تیایاندا جێگەی دامەزراوە و فەرمانگە ئیتیحادی و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا دەگرنەوە، لەهەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبن.

**ماددەی (٣):**

پیـادەکردنی بڕگەکـانی (**یەکەم، دووەم، چـوارەم، شەشـەم، هەشـتەم، پـازدەیەم، حەڤـدەیەم**)ی ماددەی (١)ی یاساکە، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم**: **فەرمانگە**: فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان - عێراق.

**دووەم**: **سەرۆکی فەرمانگە**: سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری.

**چوارەم:**

١- **واژۆی ئەلیکترۆنـی**: نیشـانەیەکی کەسـیە کە بە شـێوەی پیـت، ژمـارە، هێمـا، نیشـانە، دەنـگ یـان شێوەی دیکە دەردەکەوێت و تایبەتمەندییەکی بێهاوتـای هەیە، و ناسـنامەی کەسـیی خـاوەنەکەی دەسەلمێنێت و دەسەڵاتی پەسەندکردن متمانەی پێدەدات.

٢- **واژۆی دیجیتاڵی**: بریتیە لە جۆرێکی دیاریکراوی واژۆی ئەلیکترۆنی کە پشت بە بڕوانامەیەک دەبەستێت و دەتوانێت زانیاری واژۆکراو و ڕەسەنایەتی کەسی واژۆکار بسەلمێنێت، و لانیکەم ناو یان ناوی خوازراوی ئەو کەسە پشتڕاست بکاتەوە.

**شەشەم: مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان**: مامەڵەی شارستانی، بازرگانی، کارگێڕی، دارایی و ئەوەی پەیوەستە پێیانەوە، لە داواکاریی، ڕێکار، گرێبەست، تۆمارنامە، نامەکاریی، قەواڵەی ئەلیکترۆنی شیاو بۆ هەواڵەکردن و دەستاودەستکردن، ئەوانەی کە بەهای دارایی و نەختینەییان هەیە و لێدەرهاتە داراییەکان، کە بە ئامرازی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێن، دەگرێتەوە.

**هەشتەم: نێوەندی ئەلیکترۆنی**: پرۆگرامی ئەلیکترۆنی یان هەر ئامرازێکی ئەلیکترۆنی دیکە، کە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێکارێک یان وەڵامدانەوەی ڕێکارێک، بۆ دروستکردن یان ناردن یان وەرگرتنی زانیاری، بەشێوەیەکی تەواو یان بەشێکی، بەبێ دەستوەردان یان پێداچوونەوەی کەسێک لەکاتی جێبەجێکردن یان وەڵامدانەوەدا، دەگرێتەوە.

**پازدەیەم: واژۆکار**: ئەو کەسەیە کە هەڵگری داتا و ئامرازی واژۆکردنی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆیەتی، لە واژۆکردنی مامەڵەیەکی ئەلیکترۆنی بەناوی خۆی یان ئەو کەسەی دەبێتە جێگرەوەی یان لەڕووی یاساییەوە نوێنەرایەتی دەکات، بەکاریدەهێنێت.

**حەڤدەیەم**: ئامرازی واژۆکردن: ئامرازێکە بۆ دروستکردنی واژۆی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنرێت، وەک پرۆگرامێکی ئامادەکراو یان ئامێرێکی ئەلیکترۆنی.

**ماددەی (٤):**

بڕگەیەک بە زنجیرەی (**سێیەم**) بۆ ماددەی (٣)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**سێیەم:**

١- دەکرێت تەنها داواکاری و پەڕاو و بەڵگەنامە پێویست و پەیوەستەکان بەو مامەڵانەی لە خاڵەکانی ( أ، ب، ج، د، و)ی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون، ئەوەندەی لەگەڵ سروشتی یاساییاندا دەگونجێت، بۆ مەبەستی ئاسانکاریی لە جێبەجێکردنیان، بە شێوازی ئەلیکترۆنی پێشکەشی لایەنی فەرمی پەیوەندیدار بکرێن.

٢- دەکرێت ڕێوشوێنەکانی دادگا، پێڕاگەیاندنی دادوەریی، پێڕاگەیاندنی ئامادەبوون، فەرمانەکانی پشکنین، فەرمانەکانی دەستگیرکردن و حوکمە دادوەرییەکان، ئەوەندەی لەگەڵ سروشتی یاساییاندا بگونجێت، دوای دابینکردنی پێداویستییە یاسایی و هونەری و تەکنیکییەکان و ڕاهێنانی دادوەران و فەرمانبەرانی پەیوەندیدار، بەشێوازی ئەلیکترۆنی بێت.

**ماددەی (٥):**

پیادەکردنی ماددەی (**٢٨**)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیڕەوێک بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٦):**

پیادەکردنی ناوەڕۆکی ماددەی (**٢٩**)ی یاساکە ڕادەگیرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە دادەڕێژرێتەوە:-

**یەکەم:** مەرج و ڕێکاری پەیوەندیدار بە مۆری ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵی هاووڵاتیان و سیفەتی فەرمی قەواڵە ئەلیکترۆنییەکان، بە پەیڕە و دیاریدەکرێت.

**دووەم:** ئەو ڕێکارانەی پەیوەستن بە دروستکردنی نووسراو، سپاردن، پارێزگاریکردن، کۆپیکردن و بەکارهێنانی واژۆی ئەلیکترۆنی لەسەریان، بەجۆرێک پاراستنی نهێنی زانیارییەکان و سەلامەتیان مسۆگەر بکات، بە پەیڕەو دیاریدەکرێت.

**سێیەم:** لایەنە فەرمییەکان دەتوانن بەڕێگەی ئەلیکترۆنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن:-

١- دروستکردنی قەواڵە، قبوڵکردن، سپاردن، پێشکەشکردن و پارێزگاری لێکردنیان.

٢- پێدانی مۆڵەت، ڕێگەپێدان، ڕەزامەندی و دەرکردنی بڕیار.

٣- قبوڵکردنی پارەدان یان وەرگرتنی ڕەسم.

٤- خستنەڕووی تەندەری حکومی، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ حوکمی یاسا بەرکارەکان لەم بوارەدا دەگونجێت.

**چوارەم:** جگە لەو حاڵەتانەی بەیاسا ڕێپێدراوە، لایەنی حکومی و ناحکومی پەیوەندیدار، و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن، و ئەوانەی بەحوکمی ئەرکەکانیان دەڕوانە زانیاریی و داتای کەسی ئەو کەسانەی لەسیستەمی ئەلیکترۆنیدا مامەڵە دەکەن، ناتوانن زانیارییەکان ئاشکرا بکەن، تەنها بەڕەزامەندی خاوەنەکەی یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات یان بەبڕیارێکی دادگا نەبێت، هەروەها ناتوانن بەناڕەوا بەکاریان بهێنن.

**ماددەی (٧):**

بەشێک بە ڕیزبەندی (هەشتەم) بە ناوی (حوکمە سزاییەکان) بۆ یاساکە زیاد دەکرێت کە پێکدێت لە ماددەکانی (٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦) و بەشی (هەشتەم)ی یاساکە دەبێتە بەشی نۆیەم، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:-

## بەشی هەشتەم
## حوکمە سزاییەکان

**ماددەی (٣٠): زیادکراو**

لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا هاتوون، بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و بەپێبژاردنێک کە لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، هەرکەسێك:-

**یەکەم:** بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی بۆ هەر مەبەستێکی ناڕەوا دروست بکات یان بڵاویبکاتەوە یان پێشکەشی بکات.

**دووەم:** بەشێوەیەکی ناڕەوا بچێتە ناو داتابەیسێکی تایبەت بە واژۆ و بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنی یان تیایدا بمێنێتەوە.

**سێیەم:** بەڕێگەی گزی، داتا بخاتە ناو سیستەمی چارەسەریی زانیاری یان ئەو داتایانەی لەخۆی گرتووە لایببات یان هەمواری بکات.

**چوارەم:** بەبێ مۆڵەتی خاوەنەکەی داتای دروستکردنی واژۆیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە کەسێکی دیکە دەستداربکات یان ئاشکرای بکات یان بەکاریبهێنێت.

**ماددەی (٣١): زیادکراو**

بەبەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک ساڵ زیاتر نەبێت و بەپێبژاردنێک کە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، هەرکەسێك:-

**یەکەم:** زانیاری نادروست بەمەبەستی وەرگرتنی ڕێگەپێدانی دەرکردنی بڕوانامەی پەسەندکردن و نوێکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەیان، پێشکەش بکات.

**دووەم:** دانپێدانانی ناڕاست بدات بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی پەسەندکردن.

**ماددەی (٣٢): زیادکراو**

لایەنی پەسەندکردن بەپێبژاردنێک سزا دەدرێت کە لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لە یەکێک لەم دوو بارەی خوارەوەدا:-

**یەکەم:** پیادەکردنی خزمەتگوزارییەکانی پەسەندکردنی ئەلیکترۆنی بەبێ ڕێگەپێدان، دەستپێکردنەوە یان بەردەوامبوون لەسەر چالاکییەکەی وێڕای هەڵوەشاندنەوەی ڕێگەپێدانەکەی یان کۆتاییهاتنی بەبێ نوێکردنەوە، یاخود لێکدان (اندماج) لەگەڵ لایەنێکی دیکە یان دەستهەڵگرتن لە ڕێگەپێدان بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم:** ئاشکراکردنی یەکێک لە مامەڵەکارەکانی یان سوود وەرگرتن لەو زانیارییانەی بەردەستیەتی سەبارەت بە کەسی داواکاری بڕوانامەی بەڵگەنامە ئەلیکترۆنییەکان بۆ مەبەستی دیکە جگە لە چالاکی ئەرشیفکردنی ئەلیکترۆنی بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نووسراوی داواکاری بڕوانامە، و ئەم سزایە ڕێگر نیە لە هەر سزایەکی دیکە کە لەم یاسایە یان یاسا بەرکارەکانی دیکەدا بۆ سزادانی کەسی بکەر هاتبێت.

**ماددەی (٣٣): زیادکراو**

لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لەیاسا بەرکارەکانی هەرێمدا هاتوون، بەبەندکردن یان زیندانیکردن و بەپێبژاردنێک کە لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، هەرکەسێك:-

**یەکەم:** بەهەر ڕێگایەک واژۆیەک یان نێوەندێک یان بەڵگەنامەیەکی ئەلیکترۆنی لەناو بەرێت یان خەوشدار یان ساختەیان بکات، یان بەشێوەیەکی ناڕەوا بەکاریبهێنێت.

**دووەم:** بەهەر ئامرازێک بەناڕەوایی بگاتە واژۆیەک یان نێوەندێک یان بەڵگەنامەیەکی ئەلیکترۆنی یان ئەو نێوەندە هاک بکات یان ڕێگەی لێبگرێت یان پەکیبخات.

**ماددەی (٣٤) زیادکراو**

**یەکەم:** جگە لەو حوکمە تایبەتانەی لەم یاسایەدا هاتوون، هەر کەسێک سەرپێچی حوکمەکانی دیکەی ئەم یاسایە بکات، ئەوا بەبەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (٦) شەش مانگ زیاتر نەبێت و بەپێبژاردنێک کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بەهەردووکیان، سزادەدرێت.

**دووەم:** بە تاوانبارکردنی کەسی ڕێگەپێدراو بەیەکێک لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ڕێگەپێدانەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٣٥) زیادکراو**

ئەو کەسانەی لە لایەنی تایبەتمەندی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە کاردەکەن، لە چوارچێوەی ئەرکەکەیاندا سیفەتی ئەندامی بەرزەفتی دادگەرییان پێدەدرێت، سەبارەت بەو تاوانانەی لەو یاسایەدا دەقنووسکراون.

**ماددەی (٣٦) زیادکراو**

سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا، بەباری توندکەر هەژمار دەکرێت ئەگەر تاوانەکە لەلایەن فەرمانبەرێکی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی یاساکە ئەنجامدرابێت.

**ماددەی (٨)**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٩)**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (١٠)**

ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەپێناو بەدەنگەوەهاتنی پێشکەوتنە خێراکانی بواری ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆجیای زانیاری، بەو شێوەیەی خزمەت بە پێشکەوتنی ئابوریی هەرێم دەکات، و وەک گونجاندنێک لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بواری بازرگانی، لەڕێگەی یەکخستنی حوکمە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان، و ئاسانکاریی بازرگانی و مامەڵەی دارایی و کارگێڕیی و لابردنی بەربەست و ئاڵەنگارییەکانی بەردەمیان لەڕێگەی پەرەپێدانی ژێرخانی یاسایی واژۆی ئەلیکترۆنی و بەڵگەنامە ئەلیکترۆنییەکان و پێدانی هێزی یاسایی پێیان، و مسۆگەرکردنی گواستنەوەی ئەم بەڵگەنامانە و مامەڵەکردن پێیانەوە لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان لەڕێگەی خزمەتگوزاریی بێ مەترسی و پارێزراو، بەجۆرێک یاساکە حوکمی تایبەت بەپاراستنی نهێنی کەسێتی داتا و زانیاری کەسیی لەخۆ بگرێت، و خراپ بەکارهێنانی واژۆی ئەلیکترۆنی لە جۆرەها زێدەڕۆیی لە مامەڵەی ئەلیکترۆنی سنووردار بکات، بەشێوەیەک پارێزراوێتی مسۆگەر بکات و متمانەی مامەڵەکاران پتەوتر بکات، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٣/٢/٥**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٣٣١ لە ٢٢ /٢٠٢٣/١/**

پاڵپشت بە ئەحكامی ماددەی ( ١٠٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ و ماددە (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی ڕێبەری لە ناوبردن و ڕیسایکل کردنی بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی**

**ماددەی (١): (ئامانج)**

ئامانج لەم ڕێبەرە دانان و دەستنیشانکردنی ڕێکارو ڕێگای گونجاوە بۆ مەبەستی ڕیسایکل کردن و لەناوبردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی لە هەرێمی کوردستان-عێراق بەشێوەیەکی زانستی و سەلامەت بە لەبەرچاو گرتنی ڕێکارەکانی ژینگەپارێزی و تەندروستی گشتی.

**ماددەی (٢): (پێناسەکان)**

**بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلکردنی هێنان و دروست کردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان

**بەرهەمی دەرمانسازی:** هەر بەرهەمێک کە کۆتا شێوەی لەسەر یەک لە شێوەکانی دەرمانسازی ئامادەکراوە یان دروستکراوە.

**بەرهەمی پزیشکی:** بەرهەمێکی نادەرمانییە کە لەبواری پزیشکیدا بەکاردێت.

**بەرهەم و ماددەی ژێرکۆنترۆڵ:** ماددەی خاو یان بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی)ن کە یەک یان زیاتر لەیەک ماددەی تێدایە کە لە لیستەکانی مەوادی کۆنترۆڵی International Narcotics Control Board (INCB) دایە، یانیش لە لیستەکانی یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٠ دا هەیە یانیش هەر ماددەیەک کە لەسەر داوای وەزارەتەوە، بە ماددەیەکی ژێرکۆنترۆڵ پەسەند کرابێت.

**بەرهەمی ساختە:** ئەو بەرهەمەیە کە لەسەر بەرهەمێکی فەرمیی ڕەسەن ساختە کراوە. بۆ مەبەستی دزینی ناو و ڕەسەنایەتی ئەو بەرهەمە، تا بتوانێ ببێتە جێگرەوەی ئەو بەرهەمە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک تا نیشانی بدات کە ئەم بەرهەمە، هاوتای بەرهەمە ڕەسەنەکەیە.

**بەرهەمی خەوشدار:** ئەو بەرهەمەیە کە هاوتا نییە لەگەڵ پێوەرە بنەڕەتییەکانی کواڵیتی (هێز، کاریگەری، بێگەردی، پاکتاویی، ڕێژەی توانەوەی بەرهەمەکە لەناو لەشدا، یەکنەبوونی کێش و پێکهاتە).

**بەرهەمی چەواشەکەر:** ئەو بەرهەمەیە کە ڕووبەرگی دەرمانەکە و/ یان دەرماننامەکەی، زانیاری نادروست و چەواشەکارانە پێشکەش دەکات.

**ماددەی نەخوازراو:** ئەو ماددانەن کە لە پشکنینی تاقیگەیی دەرنەچوون(کۆمپانیای هاوردەکار دەیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێن یان لەناوی دەبات لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی) ،یان ماددەی نایاسایین(سەرچاوەی نادیار).

**ڕێککەوتی بەسەرچوون:** بریتیە لە دوایین ڕۆژی ڕێکەوتی دیاریکراو لەسەر ڕووبەرگی بەرهەمێکی دەرمانسازی/پزیشکی کە بە شێوەیەکی سەلامەت و بە کوالێتی دیاریکراو دەمێنێتەوە، و شیاوە بۆ بەکار هێنان. لەدوای ئەو ڕێکەوتە شیاوی بەکار هێنان نامێنێت.

**بەرهەمی بەسەرچوو:** ئەو بەرهەم و ماددانەن کە شیاو نین بۆ بەکارهێنان بە هۆی تێپەڕینی ماوەی ڕێکەوتی بەسەرچوونی دیاریکراو کە دانراوە لەلایەن کارگەی بەرهەمهێن لەسەر ڕوبەرگی دەرەوە و ناوەوەی بەرهەمەکە.

**لەناوبردن:** بریتیە لە پرۆسەی لەناوبردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی بەهۆی یەکێک لەو هۆکارانەی وە یەکێک لەو ڕیگایانەی کە لە ماددەی شەشەم و ماددەی هەشتەم ئەم ڕێبەرە ئاماژەیان پێکراوە.

**ریسایکل کردن:** بریتیە لە دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆ و پاشماوە بۆ ماددەی سودبەخش و بەکارهاتوو.

**ماددەی (٣): (ڕێسا گشتیەکان)**

١-مەرج و ڕێگاکانی لەناو بردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی ڕێکارێکی زانستیە کە تێیدا بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسە لە دانانی ڕێبەری تایبەت بە پرۆسەی لەناو بردن بە پشت بەستن بەڕێبەرە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

٢-بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسە لە دیاریکردنی ئەو مەرج و تایبەتمەندیانەی کە دەبێت هاوردەکار یان هەر لایەنێکی تر ئەنجامی بدات بۆ لەناو بردنی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان-عێراق و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر.

٣-لەناو بردنی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یەکان بەپێی کێش و جۆر دەبێت وە هەر جۆرێک پرۆسەی تایبەتی هەیە بۆ لەناو بردن.

٤-پێویستە هاوردەکار یاخود هەر لایەنێکی تر نوسراوی فەرمی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی بکات بۆ لەناو بردنی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یەکان وە فۆڕمی تایبەت بە لەناو بردن پڕ دەکاتەوە کە لە پاشکۆی ئەم ڕێبەرەدا هاتووە. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی، پرۆسەی لەناو بردنەکە دەست پێدەکات.

٥-ڕسومی لەناو بردن دەکەوێتە ئەستۆی هاوردەکار یاخود ئەو لایەنەی خاوەنی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یەکانە کە بڕیاری لەناو بردنیان دەرچووە.

٦-دوای تەواو بوونی پرۆسەی لەناو بردنەکە لەژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی، نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی هاوردەکار یان ئەو لایەنە دەکرێت کە خاوەنی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یەکانە تێیدا جەخت لە لەناو بردنی بەرهەمەکان دەکرێتەوە وە وێنەیەکی ئەم نوسراوە و گشت هاوپێچەکانی تری ئەرشیف دەکرێن لە بەڕێوەبەرایەتی.

**ماددەی (٤): (هۆکارەکانی لەناوبردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی)**

هەر بەرهەمێکی دەرمانسازی/پزیشکی لەناو دەبرێت ئەگەر:

١-بەرهەمێکی نایاسایی، ساختە، خەوشدار، چەواشەکەر، بەسەرچوو بێت و بڕیاری لەناو بردنی دەرچووبێت لە بەڕێوەبەرایەتی.

٢-بەرهەمێکی نەخواستراو بێت و دەرنەچووبێت لە پشکنینی تاقیگەیی وە بڕیاری لەناو بردنی دەرچووبێت لە بەڕێوەبەرایەتی.

٣-بەرهەمێکی دەستبەسەردا گیراو بێت بە هۆکارێک لە هۆکارەکانی خاڵی (١) وە بڕیاری لەناو بردنی دەرچووبێت لە بەڕێوەبەرایەتی.

٤-بڕیاری کشاندنەوەی لەبازاڕەکان دەرچووبێت وبڕیاری لەناو بردنی دەرچووبێت لەبەڕێوەبەرایەتی.

٥-ئەو بەرهەمانەی کە کۆگاکردن و گواستنەوەیان بەپێی ڕێنمایی و ڕێبەری کۆگاکردن و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی نەبووە وە بڕیاری لەناو بردنیان دەرچووبێت لە بەڕێوەبەرایەتی.

٦-بەرهەمی بەسەرچوون لە کۆمپانیاکانی دەرمان و دەرمانخانە و کۆگاکانی دەرمان و نەخۆشخانە و سەنتەر و بنکە تەندروستیەکان ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی دەکرێن بە مەبەستی لەناو بردنیان ئەمەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی.

٧-بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە بەکار هێنانەوە بەشێوەیەکی نایاسایی یاخود گۆڕینی لەیبڵ و بەرواری بەرهەمهێنان و بەسەرچوون وە هەر هۆکارێکی لەم شێوەیە کە زەرەر لە تەندروستی گشتی بدات.

**ماددەی (٥): (گرنگترین دەرەنجامەکانی خراپ لەناوبردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی)**

١-پیسبوونی ئاوی خواردنەوە وئاوی ژێر زەوی. پێویستە ڕێوشوێنی گونجاو بگیرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی و سەرچاوەکانی دابین کردنی ئاوی پاک.

٢-دەرمانە دژەزیندەگیەکان، دەرمانە دژەشێرپەنجەکان، پاککەرەوەکان، هەروەها ئەو بەرهەمانەی شینابنەوە لە ژینگە نابێت بە ڕێژەیەکی زۆر تێکەڵی ئاوەڕۆ بکرێن چونکە ئەگەری هەیە بەکتریا و میکرۆبەکان لەناو ببەن کە پێویستن بۆ شیبوونەوە زیندەگیەکان.

٣-سوتاندنی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی)یەکان لەژێر پلەی گەرمی نزم و لەهەوای کراوەدا دەبێتە هۆی دەردانی گازی ژەهراوی بۆ ناو هەوا کە زیان بە تەندروستی گشتی و ژینگە دەگەیەنێت.

٤-بەرهەمی ژێر کۆنترۆڵ و مادده هۆشبەرەکان مەترسی دووبارە دەرهێنانەوە و بەکار هێنانەوەیان هەیە، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی گونجاو لەناو ببرێن.

**ماددەی (٦): (ڕێگاکانی لەناوبردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی)**

**١-ژێرخاک کردن**

بریتیە لە ژێرخاک کردنی بەرهەمە دەرمانسازی/پزیشکی یەکان ڕاستەوخۆ لە شوێنێکی گونجاو بەبێ ئەوەی پێشوەختە دەستکاری یاخود هیچ جۆرە چارەسەریەکیان بۆ کرابێت. باوترین و کۆنترین ڕێگەی لەناوبردنە بۆ پاشماوە ڕەقەکان. ئەمەش سێ جۆری هەیە:

**ا- چاڵی کراوە و کۆنترۆڵ نەکراو:**

پاشماوەی بەرهەمە دەرمانسازی/پزیشکی یەکان ڕاستەوخۆ دەخرێنە ناو چاڵێك و دواتر دەشێلدرێن. ئەم ڕێگایە کەمترین ڕێکارەکانی ژینگەپارێزی تێدایە، ئەم ڕێگایە پێویستە دوایین ڕێگا بێت و تەنها لە حاڵەتێک بگیرێتەبەر کەوا هیچ ڕێگەچارەیەکی تر بەردەست نەبێت. باشتر وایە پاشماوەکان کەپسول بکرێن ئینجا بخرێنە ناو چاڵەکە.

**ب- چاڵی ئەندازەیی:**

بریتیە لە چاڵێکی ئەندازەیی هەڵکەندراو بە شێوەیەکی ڕێک و پێك وە باشتر پارێزگاری لە ژینگە و دەوروبەر دەکات هەروەها مەترسی تێکەڵ بوونی کەمترە لەگەڵ ئاوی ژێرزەوی. پاشماوەی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکانی تێدەکرێت و دەشێلدرێن یان کەپسول دەکرێن دواتر ڕوپۆش دەکرێن بە پاشماوەی شارەوانی.

**ج- چاڵی ئەندازەیی پێشکەوتوو:**

بریتیە لە چاڵێکی ئەندازەیی هەڵکەندراو بە شێوەیەکی ڕێک و پێک وە جیاکراوەتەوە لەگەڵ سیستەمی ئاوی ژێرزەوی. دواتر پاشماوەی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکانی تێدەکرێت و دەشێلدرێن یاخود بەشێوەی کەپسول کراو دواتر ڕووپۆش دەکرێت بە چینێک خۆڵ دواتر ڕوپۆش دەکرێت بە پاشماوەی شارەوانی. ئەم ڕێگایە کەمترین کاریگەری و مەترسی لەسەر ژینگە و ئاوی ژێر زەوی هەیە بەراورد بە ڕێگاکانی تری ژێرخاک کردن.

**٢-کەپسول کردن**

بریتیە لە کەپسول کردنی پاشماوەی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان لەناو دەفری پلاستیک یاخود ستیل و پاشان کۆنکریت کردنی سەرپۆشی دەفرەکە. پێویستە دەفرەکان خاوێن بن و نابێت پێشتر بەکارهێنرابن بۆ مەوادی تەقەمەنی و مادده مەترسیدارەکان.

دەفرەکان بەرێژەی ٧٥٪ پڕدەکرێنەوە بە پاشماوەی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان ئەوەی ماوە لە بۆشایی بە گیراوەیەک لە چیمەنتۆ و گەچ و ئاو پڕدەکرێتەوە. دواتر دەفرەکان دەخرێنە ناو چاڵێک و ژێرخاک دەکرێن و دواتر ڕوپۆش دەکرێن بە پاشماوەی شارەوانی.

**٣- بێهێزکردن**

جۆرێکە لە کەپسول کردن بەڵام پاشماوەی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان لەناو پاکەت و کارتۆنەکانیان دەردەهێنرێن، کاغەز و پلاستیک و کانزاکان یان هەر ماددەیەکی تر کە ڕیسایکڵ دەکرێتەوە جیا دەکرێنەوە دواتر ئەوەی ماوەتەوە لە پاشماوە تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ ئاو و چیمەنتۆ و گەچ، تێکەڵەیەکی نیمچەشلی لێ دروست دەکرێت. دواتر ئەو تێکەڵەیە ژێرخاک دەکرێت ئینجا ڕوپۆش دەکرێت بە پاشماوەی شارەوانی. ئەم ڕێگایە بەشێوەیەکی گشتی تێچووی زۆر نییە وە ئامێر و دەزگای پێشکەوتووی پێویست نیە. بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵکردنی ڕێژەکان بەم شێوەیە دەبێت:

| | |
|---|---|
| پاشماوەی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی | ٪٦٥ |
| گەچ | ٪١٥ |
| چیمەنتۆ | ٪١٥ |
| ئاو | ٪٥ یان بەپێی پێویست |

**٤- ئاوەڕۆ**

هەندێک پاشماوەی بەرهەمی (دەرمانسازی/پزیشکی) وەک شلەکان (شڕوب و گیراوەکان)، ئەمپـول و ڤیاله شلەکان، ئەو بەرهەمە شلانەی دەکرێنە مولـولەی خـوێنەوە، دەکرێـت خەسـتیان کەم بکـرێنەوە لەگەڵ ئاو دواتر بڕژێنرێنە ناو زێراب و ئاوەڕۆ بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بە پچڕ پچڕی.

**٥- سوتاندن بە کوورەی پلە گەرمی مامناوەند**

بـریتیە لە سـوتاندنی پاشـماوە ڕەقەکـانی بەرهەمە (دەرمانسـازی/پزیشـکی) یەکـان لەنـاو کـوورەی پلەگەرمی مامناوەند کە بەشێوەیەکی گشتی لە پلەی گەرمی (٨٥٠) پلەی سیلیزی کاری پێدەکرێت.

**٦- سوتاندن بە کوورەی پلە گەرمی بەرز**

ئەم جۆرە کوورانە بەشێوەیەکی گشتی توانای سوتاندنیان هەیە لە سەرووی (١٢٠٠) پلەی سـیلیزی وە لە پیشەسازیە گەورەکاندا بەکار دەهێنرێن وەکو کوورەی چیمەنتۆ و کوورەی پیشەسازی ئاسن هتد.. ئەگەر بەردەست نەبن دەکرێت هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن بکرێت لەگەڵ کارگەکانی بەرهەمهێنـانی چیمەنتۆ بە مەبەستی سوتاندنی پاشـماوەی بەرهەمـی (دەرمانسـازی/پزیشـکی) بەم ڕێگـایە وە ئەمە ڕێگایەکی گونجاوە لەڕووی پراکتیکی و لەڕووی تێچوون.

**ماددەی (٧): (پۆلین کردنی پاشماوەی بەرهەمە دەرمانسازی/پزیشکیەکان)**

پۆلین کردنی پاشماوەی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان بەپێی شێوەی دەرمانسازی و جـۆری پێکهاتەکانیان دەبێت وە دەستنیشان کردنـی ڕێـگەی گونجـاو بـۆ لەناوبردنیـان بەپێـی پۆلینەکانیـان. پرۆسەی پۆلین کردن لەشوێنی کۆگا کردن ئەنجام دەدرێت وە پێویستە هەر پۆلینێک لەیبل بکرێت و ڕێگەی لەناوبردنەکەی دیاری بکرێت لەژێر سەرپەرشتی دەرمانسازی بەرپرس لە بەڕێوەبەرایەتی.

١- ئەو بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یانەی ڕێکاری تایبەتیان دەوێت بۆ لەناو بردن:

- بەرهەم و ماددەی ژێرکۆنترۆڵ (مادده بێهۆشکەرەکان، کارتێکەرە عەقڵیەکان)
- بەرهەمی دژە - زیندەگی
- بەرهەمەکانی دژە - شێرپەنجە
- پاککەرەوەکان

٢- گشت بەرهەمەکانی تر پۆلین دەکرێن بەپێی شێوەی دەرمانسازیان بۆ ئەم چەند پۆلینە:

- مادده ڕەقەکان، نیمچە ڕەقەکان، پاودەرەکان (حەب، کەپسول، پاودەر، دەرزی پاودەر، کرێم، جێل، تەحامیل، هتد...)
- مادده شلەکان (گیراوە، شڕوبەکان هتد...)
- بەرهەمە گازیەکان (سپڕای و ئەو بەخاخانەی گازیان تێدایە)
- بەرهەمەکانی تر

٣- ئەو ماددانەی کە دەتوانرێت ڕیسایکڵ بکرێنەوە:

ماددەکانی وەک کاغەز، کارتۆن، پلاستیک، کانزاکان، دار هەروەها شوشە ئەگەر بکرێت پێویسـتە جیـا بکرێنەوە وە بنێردرێن بۆ شوێنی تایبەت بە ڕیسایکڵ بەپێی جۆری ماددەکان.

**ماددەی (٨): (ڕێکارەکانی لەناو بردن بەپێی پۆلینی بەرهەمەکان)**

**١- ماددەی ڕەق، نیمچە ڕەق، پاودەر:**

- دژە-زیندەگیەکان، ماددەی ژێرکۆنترۆڵ، ماددەی دژە-شێرپەنجە:

بە ڕێگەی سوتاندن بە کوورەی پلەگەرمی بەرز لەناو دەبرێن. لە کاتی بەردەست نەبوونی ئەم ڕێگایە دەکرێت ڕێگەی کەپسول کردن یان بێهێزکردن بەکار بهێندرێت بەرلە ژێرخاک کردنیان. ماددە ژێرکۆنترۆڵەکان پێویستە لەژێر سەرپەرشتی دەرمانسازی بەرپرس لە بەڕێوەبەرایەتی بگوازرێنەوە و بەپێی ڕێگەی لەناو بردنی دیاری کراو لەناو ببرێن.

- گشت بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکانی تر:

ئەگەر کێشی گشتی بەرهەمەکان لە (٥) تۆن کەمتر بێت دەتواندرێت بە ڕێگەی ژێرخاک کردن (چاڵی ئەندازەیی پێشکەوتوو) لەناو ببرێن دواتر بە بڕێکی زۆر لە پاشماوەی شارەوانی ڕووپۆش بکرێن. ئەگەر کێشی گشتی بەرهەمەکان زیاتر بوو لە (٥) تۆن ئەوا باشترە بە ڕێگەی سوتاندن بە کوورەی پلەگەرمی بەرز لەناو ببرێن وە ئەگەر ئەم ڕێگایە بەردەست نەبوو دەکرێت کوورەی پلەگەرمی مامناوەند بەکار بهێندرێت دواتر پاشماوەکە ژێرخاک دەکرێت و ڕووپۆش دەکرێت بەپاشماوەی شارەوانی.

ئەگەر ئەم دوو ڕێگایە هیچیان بەردەست نەبوون دەکرێت ڕێگەی کەپسولکردن بەکار بهێندرێت دوای جیاکردنەوەی ئەو ماددانەی بە کەڵکی ڕیسایکڵ کردن دێن، ئینجا ژێرخاک کردنیان و ڕۆپۆشکردنیان بە پاشماوەی شارەوانی.

**٢- شلەکان**

- ئەو بەرهەمانەی مەترسیان نییە یاخود ژەهراوی نین:

پاشماوەی بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یەکان کە پێکهاتەی ئۆرگانی لەخۆدەگرن یاخود شیدەبنەوە لەناو خاک بۆ نموونە ڤیتامینەکان، خوێیەکان، ترشە ئەمینیەکان، ترشە چەوریەکان یاخود گلوکۆز دەکرێت ڕاستەوخۆ تێکەڵی زێراب و ئاوەڕۆ بکرێن.

- گشت بەرهەمە (دەرمانسازی/پزیشکی) یە شلەکانی تر جگە لە (ماددەی ژێرکۆنترۆڵ، ماددەی دژە-زیندەگی، بەرهەمی دژە-شێرپەنجە):

دەکرێت لەناو ببرێن بە ڕێگەی کەمکردنەوەی خەستی دواتر تێکەڵ کردنیان لەگەڵ ئاوەڕۆ. هەروەها دەکرێت بەڕێگەی سوتاندن بە کوورەی پلەگەرمی بەرز لەناو ببرێن ئەگەر بەردەست بێت.

**٣- ئەمپول و ڤیالە شلەکان:**

پێویستە لەناو دەفرێکی ڕەق یان حەوزێکی کۆنکریت دابنرێن دواتر وردوخاش بکرێن. ئینجا ماددە شوشەکە جیا دەکرێتەوە بۆ لەناو بردنی لەگەڵ پاشماوەی شارەوانی، شلەکەش بەجیا لەناو دەفرێک دەکرێت وخەستیەکەی کەم دەکرێتەوە بەتێکەڵ کردنی لەگەڵ ئاو دواتر تێکەڵی زێراب وئاوەڕۆ دەکرێت.

**٤- دژە-زیندەگیەکان**

نابێت ڕاستەوخۆ بەبێ چارەسەکردنی پێشوەختە لەناو ببرێن. بەشێوەیەکی گشتی باشترین ڕێگە بۆ لەناو بردنیان بریتیە لە سوتاندن بە کوورەی پلە گەرمی بەرز. ئەگەر ئەم ڕێگایە بەردەست نەبێت دەکرێت بە ڕێگەی کەپسول کردن لەناو ببرێن.

دژە-زیندەگیە شلەکان دەکرێت خەستیان کەم بکرێتەوە لەناو دەفری تایبەت ئینجا بۆ ماوەی دوو هەفتە دابنرێن دواتر تێکەڵی ئاوەڕۆ دەکرێن.

**٥- بەرهەم و ماددەی ژێر کۆنترۆڵ:**

پێویستە لەژێر چاودێری دەرمانسازی بەرپرس لە بەڕێوەبەرایەتی بگوازرێنەوە و لەناو ببرێن بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر. ئەم بەرهەم و ماددانە بە ڕێگەی سوتاندن بە کوورەی پلە گەرمی بەرز لەناو دەبرێن. ئەگەر ئەم ڕێگایە بەردەست نەبێت دەکرێت ڕێگەی کەپسولکردن بەکار بهێندرێت.

**٦- بەرهەمی دژە-شێرپەنجە:**

پێویستە جیا بکرێنەوە لە بەرهەمەکانی تر، لەناو دەفری گونجاو هەڵبگیرێن. بەڕێگەی سوتاندن بە کوورەی پلە گەرمی بەرز لەناو دەبرێن لە پلەی گەرمی لایەنی کەم (١٢٠٠) پلەی سیلیزی. هەر پاشماوەیەکیش کە دەمێنێتەوە پێویستە کەپسول بکرێت وە ژێر خاک بکرێت و دواتر ڕووپۆش بکرێت بە پاشماوەی شارەوانی.

شێوازی کەپسول کردنەکە بەم جۆرە دەبێت:دەفرەکە نیوەی (٥٠٪) پڕدەکرێت بە پاشماوەی بەرهەمە دژە-شێرپەنجەکان دواتر نیوەکەی تری (٥٠٪) بە گیراوەیەک لە گەچ، چیمەنتۆ و ئاو پردەکرێتەوە، دواتر دەفرەکە ڕووپۆش دەکرێت و جێدەهێڵرێت بۆ ماوەی (٧ تا ٢٨) ڕۆژ. پاشان ژێرخاک دەکرێت و دادەپۆشرێت بە پاشماوەی شارەوانی.

**٧- بەرهەمەکانی پاککەرەوە**

بەشێوەیەکی زانستی بەرهەمەکانی پاککەرەوە ڕێککەوتیان بەسەر ناچێت، تەنها هەندێک جۆر نەبێت وەک (لایسۆل ٥٠٪ کرێسیلیک ئەسید) کە کاریگەریەکەی کەمتر دەبێتەوە، دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵبگیرێن وە ورده ورده بەکار بهێندرێت بۆ پاککردنەوەی حەمام و توالێت و هەندێک شوێنی تر، بۆیە پێویستیەکی ڕاستەقینە نییە بۆ لەناو بردنیان.

ئەگەر بڕیار بوو لەناو ببرێن دەکرێت بە ڕێگەی کەم کردنەوەی خەستی لەناو ببرێن بە تێکەڵ کردنیان لەگەڵ ئاو دواتر تێکەڵی زێراب و ئاوەڕۆ دەکرێت. باشتر وایە ڕۆژانە لە (٥٠) لیتر زیاتر تێکەڵی ئاوەڕۆ نەکرێت. ئەگەر بڕەکە زیاتر بو لە (٥٠) لیتر دەتوانرێت بکرێتە چەند بەشێک و هەر ڕۆژەی بەشێکی لێ تێکەڵی ئاوەڕۆ بکرێت.

**٨- ئەو بەرهەمانەی گازیان تێدایە**

ئەو بەرهەمانەی مادده گازیەکان لەخۆ دەگرن وەک هەندێک جۆری سپڕای و بەخاخ، نابێت بە ڕێگەی سوتاندن لەناو ببرێن لەبەر مەترسی تەقینەوە و زیان گەیاندن بە دەوروبەر. باشتر وایە بە ڕێگەی ژێرخاک کردن لەناو ببرێن دواتر ڕوپۆش بکرێن بە پاشماوەی شارەوانی.

ئەو ماددانەی کەوا گازی هاڵۆجین لەخۆ دەگرن یاخود لەکاتی لەناو بردن گازی هاڵۆجیانیان لێوە دەردەچێت، پێویستە بەڕێگەی سوتاندن بە کوورەی پلە گەرمی بەرز لە لایەنی کەم (١٢٠٠) پلەی سیلیزی لەناو ببرێن.

**ماددەی (٩): (پوختەی شێوازی لەناوبردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی بەپێی شێوەیان)**

| پۆلین | ڕێگەی لەناوبردن | تێبینی |
|---|---|---|
| ماددەی ڕەق، نیمچە ڕەق، پاودەر | کوورەی پلەگەرمی بەرز<br>کەپسولکردن<br>بێهێزکردن<br>ژێرخاک کردن (چاڵی ئەندازەیی) | کێشی کەمتر لە (٥) تۆن |
| مادده شلەکان | ئاوەڕۆکوورەی پلەگەرمی بەرز<br>ئاوەڕۆ-کەمکردنەوەی خەستی | ڤیتامینەکان، خوێیەکان، ترشە ئەمینیەکان، ترشە چەوریەکان، گلوکۆز |
| ئەمپول و ڤیالە شلەکان | ئاوەڕۆ-کەمکردنەوەی خەستی | |
| دژە-زیندەگیەکان | کوورەی پلە گەرمی بەرز<br>کەپسول کردن<br>کەم کردنەوەی خەستی | دژە-زیندەگیە شلەکان |
| بەرهەم و ماددەی ژێر کۆنترۆڵ | کوورەی پلە گەرمی بەرز<br>کەپسول کردن | ئەگەر کوورە بەردەست نەبێت |
| بەرهەمی دژە-شێرپەنجە | کوورەی پلە گەرمی بەرز<br>کەپسول کردن | بۆ پاشماوەی سوتانەکە یاخود ئەگەر کوورەی پلە گەرمی بەرز بەردەست نەبێت |
| بەرهەمەکانی پاککەرەوە | ئاوەڕۆ-کەمکردنەوەی خەستی | ڕۆژانە ٥٠ لیتر |
| ئەو بەرهەمانەی گازیان تێدایە | ژێرخاک کردن (چاڵی ئەندازەیی)<br>کوورەی پلە گەرمی بەرز | ئەو ماددانەی گازی هاڵۆجین لەخۆ دەگرن یان دەردەدەن |

**ماددەی (١٠):**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددەی (١١):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

## هاوپێچی ژمارە (١)

Attachment Number (١)

Pharmaceutical/Medical Product Disposal Form فۆرمی لەناوبردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی

| Sn | ناوی بازرگانی Trade Name | ناوی زانستی INN Name | شێوەی دەرمانسازی Dosage form | شێوەی پاکەتبەندی Pack Size | ژمارەی باج Batch No. | ڕێکەوتی بەسەرچوون Expiry Date | بڕ Quantity | کێشی گشتی بە کیلۆ Total weight in KG |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | |
| | | | | | | | | |
| | | | | | | | | |

ئێمە کە لە خوارەوە واژوومان کردوە پشتڕاستی دەکەینەوە کەوا تەواوی ئەو زانیاریانەی لەم فۆرمەدا هاتووە ڕاست و دروستن.

We the undersigned, Certify That all information in this form is correct and accurate.

| Authorized Signature ئیمزا | مۆر Stamp |
|---|---|

---

## هاوپێچی ژمارە (٢)

Attachment Number (٢)

Medical device Product Disposal Form فۆرمی لەناوبردنی بەرهەمی پێداویستی پزیشکی

| Sn | ناوی بازرگانی Trade Name | شێوەی پێداویستی پزیشکی Dosage form | شێوەی پاکەتبەندی Pack Size | ژمارەی باج Batch No. | ڕێکەوتی بەسەرچوون Expiry Date | بڕ Quantity | کێشی گشتی بە کیلۆ Total weight in KG |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |
| | | | | | | | |
| | | | | | | | |

ئێمە کە لە خوارەوە واژوومان کردوە پشتڕاستی دەکەینەوە کەوا تەواوی ئەو زانیاریانەی لەم فۆرمەدا هاتووە ڕاست و دروستن.

We the undersigned, Certify That all information in this form is correct and accurate.

| Authorized Signature ئیمزا | مۆر Stamp |
|---|---|

**هاوپێچی ژمارە (٣)**

**بەڵگەنامەی لەناوبردن**

**بۆ/لایەنی پەیوەندیدار**

**بەڵگەنامەی لەناوبردنی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی**

بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان، پشتڕاستی دەکاتەوە کەوا سەرپەرشتی لەناوبردنی ئەم بەرهەمانەی لە فۆڕمی هاوپێچ دا هاتوون، کردووە بە ئامادەبوونی:

☐ کارمەندی ژینگە ☐ کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری ☐ کارمەندی شارەوانی ☐ پۆلیس

شێوازی لەناوبردنەکەی بە یەکێک لەم ڕێگایانەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

☐ ژێرخاک کردن
☐ کەپسول کردن
☐ بێهێزکردن
☐ ئاوەڕۆ
☐ گەڕاندنەوە بۆ سەرچاوگە
☐ سوتاندن بە کوورەی پلە گەرمی مامناوەند
☐ سوتاندن بە کوورەی پلە گەرمی بەرز

هۆکاری لەناوبردنەکەی بریتیە لە:

☐ بەرهەمەکە/کان دەقاو دەقی خاسیەتەکان نین لە پشکنینی تاقیگەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری
☐ بەرهەمەکە/کان ڕێکەوتی بەکارهێنانیان بەسەرچووە
☐ بەرهەمەکان خەوشدارن/ساختەن
☐ بەرهەمەکان نایاساین

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٧١١ لە ٢٦ /٢٠٢٣/١**

پاڵپشت بە ماددەی (حەوتەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی پشکنینی دۆزینەوەی خێرا بە ئەنتیجین** (Ag RDTs) **بۆ دەستنیشان کردنی نەخۆشی کۆرۆنا** Covid-١٩

**ماددەی (١):**

بەکارهێنای پشکنینی دۆزینەوەی خێرا بە ئەنتیجین (Ag-RDT) بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆڕۆنا پشتگیری ناکرێت (is not recommended) **لە:**

- پشکنین لە خاڵە سنورییەکان
- خوێن بەخشین
- نەشتەرگەری

**ماددەی (٢):**

کیتی Ag-RDTs پێویستە (prequalified by WHO) وە کۆنترۆڵی جۆری بۆ بکرێت وە چەند نموونەیەکی بەکاربهێنرێت وە بەراورد بکرێت بە پشکنینی PCR پێش بڕیاردان لەسەر هێنان وبەکارهێنانی.

**ماددەی (٣):**

بە هیچ شێوەیەک (Rapid Antigen Test "RAT") جێگەی (Polymerase Chain Reaction "PCR") ناگرێتەوە وە نابێت لە جیاتی بەکاربهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆڕۆنا چونکە PCR بە (gold standard) دادەنرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەم نەخۆشیە.

**ماددەی (٤):**

Ag RDTs باشتر لە سەر ئەو نەخۆشانە کاردەکات کە هەڵگری ڕێژەیەکی زۆرن لە ڤایرۆسەکە (ct value ≤٢٥) یان (genomic virus copies/ml ١٠٦<) کە زۆرتر لەو جۆرە نەخۆشانە بە دیاردەکەوێت کە لە قۆناغی پێش دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشیەکەدان (١ تا ٣ ڕۆژ پێش دەستپێکی نیشانەکان) لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی کە لە قۆناغی سەرەتایی دەستپێکردنی نیشانەکانن (لە نێوان یەکەم ٥ تا ٧ ڕۆژ لە دەستپێکی نیشانەکان).

**ماددەی (٥):**

بۆ بەدەستهێنانی باشترین دەرئەنجام؛ پێویستە ئەم پشکنینە لەلایەن کارمەندی شارەزا ئەنجام بدرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی گشت ڕێنماییەکانی بەرهەم هێنەرەکە، وە لە ماوەی یەکەم ٥ تا ٧ ڕۆژ لە دەستپێکی نیشانەکان ئەنجام بدرێت.

**ماددەی (٦):**

جـۆری پشـکنینی خێـرا بـۆ دۆزینـەوەی نەخۆشـی Covid- ١٩ پێویسـتە بەلایەنـی کەمەوە (≥٨٠٪ sensitivity and >٩٠٪ specificity) هەبێت بە بەراورد بە پشکنینی PCR.

**ماددەی (٧):**

جۆری پشکنینی خێرا بۆ دۆزینەوەی نەخۆشی Covid- ١٩ لەو شـوێنانە بەکاربهێنرێـت کە پشـکنینی PCR بەردەست نابێت وەک شوێنە دوورەکان، دەزگاکان، کۆمەڵگا نیمچە داخراوەکـان کە پشـکنینی (PCR) بەردەست نابێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ. ئەنجـامی پشـکنینی پۆزەتیـف بەم پشـکنینە لە چەندەها حاڵەتی گومانلێکراو لەو شوێنانەدا بڵاوبوونەوەی زۆری ڤایرۆسەکە دەگەیەنێت و یارمەتی خێـرا جێبەجێکردنــی ڕێوشــوێنەکانی کـۆنترۆڵکردنی هەوکـردن دەدات لەم شــوێنانەدا. بەڵام ئەو پشکنینانەی کە ئەنجامەکانیان پۆزەتیف دەرچووە بە ڕێگەی خێرا، پێویستە نموونەکانیان بنێردرێـت بۆ ئەو تاقیگانەی کە پشکنینی (PCR)ی تێدا ئەنجام دەدرێت بۆ پشکنینی دڵنیایی.

**ماددەی (٨):**

ئەم پشکنینە بە کاردێت بۆ چاودێریکردنی ڕێژەی تووشبوون بەم نەخۆشیە لە کۆمەڵگادا بە تـایبەتی لە نێـوان کارمەنـدان و کارمەنـدانی کەرتـی تەندروسـتی لەکـاتی پەتـاکەدا یـان لەو ناوچـانەی کە بەڕێژیەکی زۆر ئەم ڤایرۆسە بڵاوبـۆتەوە لەنـاو کۆمەڵگـادا، کە ئەنجـامی پێشـبینیکراوی پۆزەتیـف و نێگەتیـف (positive and negative predictive value) بـۆ ئەم پشـکنینە بەسـە بـۆ کـاراکردنی کۆنترۆڵکردنی هەوکردن بەشێوەیەکی کاریگەر.

**ماددەی (٩):**

کاتێـک کە بڵاوبـوونەوەیەکی زۆری ڤایرۆسـەکە هەبێـت لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـا دەتوانرێـت ئەم پشکنینە بەکاربهێنرێت بۆ دۆزینەوە و جیاکردنەوەی حاڵەتە پۆزەتیفەکان لە دەزگـا تەندروسـتیەکان، سـەنتەرەکانی پشـکنینی کۆڕۆنـا، خـانە چاودێریەکـان، گرتووخانەکـان، قوتابخانەکـان، کارمەنـدە تەندروسـتیەکان، وە لە بەدواداچـوونی بەرکەوتەکـان. ئەنجـامی نێگەتیفـی ئەم پشـکنینە ئەوە ناگەیەنێت کە بەتەواوی ئەو کەسە نەخۆشـی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـای نـیە واتە یەکلاکەرەوە نابێـت بـۆ جیاکردنەوەی هەڵگرانی نەخۆشی کۆرۆنا لە بەرئەوەش دەبێت ئەو پشکنینە دووبـارە بکرێتەوە یـان پشکنینی بەرێگای PCR بۆ بکرێت بە تایبەتی لەو نەخۆشانەی کە نیشانەیان هەیە.

**ماددەی (١٠):**

لە هەر کوێیەکدا کە پشکنینی PCR بە کاربێت وەکو پشکنینی دڵنیابوونەوە بـۆ ئەو نەخۆشـانەی کە پشکنینی خێرایان بۆ کراوە، پێویستە نمونە بۆ هەردوو جۆری پشکنین لە هەمـان کاتـدا وەربگیرێـت، یان لە ماوەی کەمتر لە دوو رۆژدا.

**ماددەی (١١):**

نرخەکانی پشکنین لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دیار دەکرێت.

**ماددەی (١٢):**

تەواوی ئەم خزمەتگوزارییە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی بەشی تاقیگای بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی دەبێت.

**ماددەی (١٣):**

لیژنەکانی پشکنین و بەدواداچوون ڕۆژانە بەردەوام بەدواداچوونی مەرجەکان و کوالیتی دەکەن و لە هەرسەرپێچی و کەموکورتیەک ڕێکاری یاسایی وەردەگیرێت.

**ماددەی (١٤):**

لە کاتی هاوردەکردن، پێویستە هەماهەنگی هەبێت لە بەشی تاقیگاکان لە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی کوالیتی کۆنترۆڵ (KMCA) بە مەبەستی ڕێگەپێدان و ڕەچاوکردنی کوالیتیەکەی .

**ماددەی (١٥):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٧١٢ لە ٢٦ /٢٠٢٣/١/**

پاڵپشت بە ماددەی (حەوتەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی کۆلیژ و پەیمانگا تەندروستیەکان کە دانەمەزراون لەکەرتی تایبەت**

**ماددەی (١):** پێناسەکان:

١-**هەرێم :** هەرێمی کوردستان – عێراق

٢-**وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

٣-**بەرێوەبەرایەتی :** بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان

**ماددەی (٢):**

١- ژمارەی ئەو نەخۆشخانانەی تایبەت و ژمارەی قەروێلەکانیان دیاری بکرێت بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کاری پەرستاران وکارمەندانی تەندروستی و ژمارەی کارمەندانی پێویست لەم نەخۆشخانانە دیاری بکرێت بەپێی ستانداردەکان .

٢- پێویستە ئەو پەرستار وکارمەندانی تەندروستی کە لەنەخۆشخانە وسەنتەرە تایبەتەکان کاردەکەن پاڵپشتی وەزارەت وسەندیکای خۆیان هەبێت. دیاری کردنی ڕێژەی پەرستار وکارمەندی تەندروستی بۆ کەرتی گشتی و تایبەت، ودەربارەی ئەو سەنتەر و نەخۆشخانەی کە تازە دەکرێنەوە پێویستە (٤٠٪) لەکارمەندی دامەزراو بن و (٦٠٪) لە دانەمەزراوەکان بن وساڵانە (٥٪) ڕێژەکە لە دامەزراوەکان کەم بکرێتەوە لەبەرانبەر زیادکردنی ڕێژەی هەڵی (٥٪) بۆ دانەمەزراوەکان.

٣-بەرێوەبەرایەتی پشکنین وبەدواداچوونی وەزارەتی تەندروستی بەدواداچوون دەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەی سەرەوە .

٤- هەر نەخۆشخانەیەک پێویستی بەپسپۆری جیاواز هەیە لە کارمەندی تەندروستی بیانی پێویستە پێش وەختە ڕەزامەندی وەزارەت وسەندیکای هەبێت.

**ماددەی (٣):** کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت

**ماددەی(٤):**ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ۱۹۰۳ لە ۳۰ /۲۰۲۳/۱/**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ( ۱۰٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (۸۹)ی ساڵی ۱۹۸۱ و مادده (۷) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (۱٥) ساڵی ۲۰۰۷ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (۸)ی ساڵی ۲۰۲۳**

**ڕێنمایی تایبەت بە شوێنەکانی مەساج کردن لە(هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەی) وە سەنتەرەکانی سپا**

**ماددەی (۱): تایبەت بە مۆڵەت**

۱- ئەو کەسانەی دەیانەوێت مۆڵەتی تەندروستی وەربگرن بۆ شوێنەکانی مەساج کردن لە(هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەی) وە سەنتەرەکانی سپا دەبێت سەردانی وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بکەن بەمەبەستی کردنی نووسراوی کەشف کردن بۆ شوێنەکانیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

۲- دەبێت بەر لە پێدانی مۆڵەتی تەندروستی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی ئەو پارێزگایەی شوێنی مەساج کردنی تێدا دەکرێتەوە لاری نەبوونی وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی وەربگیرێت دوابەدوای ئەنجامی کەشف کردن.

۳- دەبێت شوێنەکانی مەساج کردن لە(هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەی) مۆڵەتی گەشتوگوزاری هەبێت.

٤- دەبێت شوێنەکانی مەساج کردن لە(هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەی) وە سەنتەرەکانی سپا مۆڵەتی تەندروستیان هەبێت.

٥- هەر کەسێک سەنتەری سپا (SPA) بکاتەوە پێویستە بەڵێننامەیەک بدات لە بەشی یاسایی لە کاتی بوونی هەر ڕووداوێک ببێتە هۆی داخستنی سەنتەرەکەی لەلایەن ئەو ماڵانەی کە نزیکن لە سەنتەرەکە خۆی بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێت. وەزارەتی تەندروستی بەرپرس نابێت، وە دەبێت ڕەزامەندی شارەوانی هەبێت.

٦- نوێ کردنەوەی مۆڵەتی تەندروستی بە شێوەی ساڵانە (لە کاتی دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی تەندروستی هۆتێل ئاماژە بە شوێنی مەساج بکات).

**ماددەی (٢): تایبەت بە ڕووبەرو خزمەتگوزاری شوێنی مەساج کردن لە(هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەی) وە سەنتەرەکانی سپا:**

١- پێویستە ڕووبەری گشتی سەنتەرەکانی (SPA) (مەساج ، هۆڵی لەش جوانی ، مەلەوانگە) لە (٣٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٢- لە هوتێلەکانی ( چوار و پێنج ئەستێرەیی) دەکرێت شوێنی خزمەتگوزاری مەساج لە نهۆمی ژێرزەمین بێت بە مەرجێک لە دیزاینی هۆتێلەکە ژێرزەمینەکەی بۆ گەراجی ئۆتۆمبێل تەرخان نەکرابێت و تایبەت کرابێت بۆ شوێنی مەساج، وە لەبەرواری دەرچوونی ئەم ڕێنمایانەوە ناکرێت هیچ شوێنێکی مەساج مۆڵەتی پێ بدرێت ئەگەر شوێنی مەساج کردنی لە ژێرزەمین بێت ، تەنها ئەوانەی ئێستا هەن و مۆڵەت پێدراون و شوێنی مەساجیان لە ژێرزەمینە دەتوانرێت مۆڵەتەکانیان ساڵانە بۆ نوێ بکرێتەوە بە مەرجێک پابەندبن بە هەموو ڕێنماییەکان .

٣- شوێنی خزمەتگوزاری مەساج لە هۆتێلەکانی( چوار و پێنج ئەستێرەیی) بۆ مێوانانی هۆتێل بۆیە دەبێت دەرگای لە ناو هۆتێل بێت ناکرێت وەک سەنتەرێکی (SPA ) بە سەربەخۆیی دەرگا جیابکاتەوە بۆ دەرەوەی هۆتێلەکە و تابلۆ و ڕیکلام لە دەرەوە هەڵبواسێ بۆ ناساندنی شوێنەکەی بەڵام دەکرێت لەناو هۆڵی پێشوازی هۆتێل تابلۆ و ڕیکلامی ناساندنی خۆی هەبێت .

٤- ئەگەر شوێنی خزمەت گوزاری مەساج لە سەنتەرەکانی (SPA) هۆڵی گەورە بێت پێویستە ناوبڕ لە نێوان شوێنەکە و مەساج کردن هەبێت.

٥- نابێت سەنتەرەکانی (SPA) بە تەنها بۆ کاری مەساج کردن بێت بەڵکو پێویستە هەردوو خزمەتگوزاری مەلەوانگە و هۆڵی لەش جوانی ( Gym) تێدا بێت.

٦- ئەگەر ڕووبەری سەنتەرەکە بەشی خزمەتگوزاری تری کە ئاماژەی پێکراوە نەکات پێویستە شوێنەکە نهۆمی تری هەبێت. وە لەگەڵ زیاد کردنی هەر خزمەتگوزاریەک پێویستە ئاگاداری لایەنی تەندروستی بکات لە سنووری ئەو پارێزگایە .

٧- بوونی ئامێری هەواگۆرکێ بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ شوێنەکە.

٨- هەبوونی سەرچاوەی ڕووناکی پێویستی سروشتی و ئامێری رووناکی دەستکرد

٩- هەبوونی ئامێری (فێنککەرەوە- گەرمکەرەوە).

١٠-هەبوونی بۆکسی دەرمانخانە بۆ فریاگوزاریە سەرەتاییەکان.

١١- هەبوونی ئاگرکوژێنەوە بەپێی پێویست.

١٢- هەبوونی سەلە(سەتڵ)ی تایبەت بە زبڵ و خاشاک وە کیسی نایلۆنی لە ناوبێت وە سەر قاپی هەبێت، بەئاسانی سەری دابخرێت.

١٣- پێویستە شوێنەکانی مەساج کردن بە شێوەیەکی ڕۆژانە تعقیم بکرێت بە مادەیەکی پاکەرەوە.

١٤- هەڵگرتنی کەرستەکان بە خاوێنی لە ناو دۆڵابێک کە پێشەکەی شوشە بێت.

١٥- هەبوونی ژمارەیەکی گونجاو لە خاولی (Disposable) لە ناو دۆڵابی تایبەت هەڵبگیرێت وە یان ئەوکەسەی سەردانی مەساج دەکات خاولی تایبەت بە خۆی پێبێت.

١٦- پێویستە چەرچەفەکان دسپۆزەبڵ بێت وە تەنها بۆ یەک جار بەکار بێت.

١٧- هەبوونی گەرماو و ژووری ساونا وە دەست شۆڕ بەپێی پێویست.

١٨- هەبوونی دۆڵابی تایبەت بە هەڵگرتنی جل و بەرگی تایبەت بە خۆیان وە ئەو کەسانەی سەردانیان دەکات.

١٩- دەبێت ئەو کارمەندانەی لەم شوێنە کاردەکەن جلی تایبەت و شیاو بپۆشن وە پێویستە ڕەنگی جلی کارمەندەکان بەم شێوەیە بێت:

- ئەو کارمەندانەی کە کاری خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن پێویستە ڕەنگی تاخمی (سەروو خواروو) جلەکانی شینی تۆخ بێت.
- ئەو کارمەندانەی کە کاری مەساج کردن ئەنجام دەدەن پێویستە ڕەنگی تاخمی جلەکانی سپی بێت.

٢٠- دەبێت کارگێری تۆمارێکی تایبەتیان هەبێت بۆ سەردانی کردنەکانی تیمی چاودێری تەندروستی (تایبەت بە هەردوو شوێنەکانی مەساج کردن) وە دەبێت تۆمارەکە مۆری تەندروستی لە پەرەکانی درابێت.

٢١- ئەو کرێم و مەوادە کیمیاویانەی لە شوێنەکانی مەساج کردن بەکاردێت پێویستە ڕێگە پێدراو بێت لە لایەن دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری.

٢٢- نابێت هیچ کەسێک لە کارمەندەکان لە شوێنی مەساج کردن بخەوێت.

٢٣-نابێت دیوی ناوەوەی ئەو ژوورەی مەساجی تێدا دەکرێت قفڵی هەبێت یان هەر ئامرازێکی تری داخستنی هەبێت.

٢٤- ئەو کەسانەی کاری مەساج دەکەن پێویستە باجی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

٢٥- نابێت هیچ شوێنێکی مەساج ریکلام بۆ خۆی بکات بە هەر ئامرازێکی بڵاوکردنەوە بێت.

**ماددەی (٣): تایبەت بە پشکنینی تاقیگەیی:**

١- ئەو کارمەندانەی لەم شوێنە کاردەکەن دەبێت کارتی تەندروستیان هەبێت وپشکنینی تەندروستی وەکو( HIV)

٢- Hepatitis B,C Virus, VDRL, TPHA, ) وە هەروەها پشکنینی کلینیکی بۆ بکرێت لەلایەن پزیشکی ژنان یان پێست بۆ هەر (١) مانگ جارێک بۆدڵنیا بوون لە تەندروستی کەسەکە لەو نەخۆشیانەی ئاماژە پێکراوە.

٣- پێویستە کارتی تەندروستی ئەو کەسانەی کاری مەساج دەکەن ڕەنگیان جیا بێت لە کارتەکانی تر.

**ماددەی (٤): تایبەت بەو کەسانەی کاری مەساج ئەنجام دەدەن:**

١- دەبێت ئەو کەسەی کاری مەساج کردن ئەنجام دەدات هەڵگری بڕوانامە بێت تایبەت بە پیشەکەی. وە دەبێت بڕوانامەکەی پەسەندکراو بێت لەلایەن:

- ❖ وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە.
- ❖ سەفارەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە، وە بۆ ئەو وولاتانەی کە سفارەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی لێ نیە دەبێت بڕوانامەکەی پەسەندکراو بێت لە سەفارەی عیراقی یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لە وولاتێکی دراوسێ ئەو وولاتە.
- ❖ فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم لە هەرێمی کوردستان.
- ❖ وەزارەتی تەندروستی/ بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی /بەشی چاودێری تەندروستی پشت ڕاست بکرێتەوە.

٢- هێنانی پشگیری کارکردن لە لایەن ئەو شوێنەی کە کاری مەساجی تێدا کردووە لە وڵاتەکەی خۆی وە پێویستە بۆ ماوەی یەک ساڵ کاری کردبێت وە پشت راست کرابێتەوە لەلایەن:-

- ❖ وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە.
- ❖ وەزارەتی تەندروستی/ بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی /بەشی چاودێری تەندروستی پشت ڕاست بکرێتەوە.

٣-بڕوانامەی هیچ سەنتەر و شوێنێک بۆ کاری مەساج کردن لە ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان کاری پێ ناکرێت تەنها دەبێت لە دەوەوەی وولات بەدەستی هێنا بێت.

**ماددەی (٥): تایبەت بە نرخی کرێی خزمەت گوزاری و سزای پێبژاردن:**

١- نرخی پارەی خزمەت گوزاری شوێنەکانی مەساج لە لە(هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەی) وە سەنتەرەکانی سپا دەخرێتە بواری گەشت و گوزار وە پارەی مۆڵەتی هۆتێل جیا دەبێت لە شوێنی مەساج کردن.

٢- سەرپێچکار سزا دەدرێت بەپێی جۆری سەرپێچەکەی وە کار بە دواین ڕێنمایی سزای پێبژاردنی نوێ دەکرێت .

**ماددەی (٦):**

لە پێناو کۆنترۆڵ کردن و جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی وە پاراستنی تەندروستی سەلامەتی هاوڵاتیان بە گشتی، پێویستە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. تیمێکی تایبەت پێک بهێندرێت کە لە دوو بۆ سێ کەس بێت بە مەبەستی پشکنین و بەدواداچوون بۆ شوێنەکانی مەساج کردن لە(هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەی) وە سەنتەرەکانی سپا.

**ماددەی (٧): ڕێنمایەکانی تاتۆکردن:**

١- نابێت تاتۆ بۆ خوار تەمەنی (١٨) ساڵی بکرێت.

٢- تاتۆ کردن پێویستە تەنها لە ئارایشگا و سەنتەرەکانی جوانکاری ئەنجام بدرێت وە شوێنی تاتۆ دەبێت جیابێت وە نابێت تاتۆی لەش لە ئارایشگا ئەنجام بدرێت.

٣- پێویستە شوێنی تاتۆکردن مەرجەکانی پاک و خاوێنی و بوونی دەست شۆر و ئاوەڕۆی گونجاو وە ڕووناکی پێویستی تێدابێت وە هەواگۆرکێیەکی گونجاوی هەبێت .

٤- دەبێت ژوورەکە کرداری هەواگۆرکێیەکی کارکەری هەبێت وە دەبێت هەوایەکی سروشتی باشی هەبێت.

٥- ڕووی زەوی و دیواری ئەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکرێت پێویستە (کاشی ،مەڕمەڕ ،سیرامیک) یان ماددەیەکی تر کە کوالێتی بەرزتر بێت وە ئاسان بێت بۆ پاکردنەوە وە تەندروست بێت.

٦-دەبێت بەرزی سقفی خانوەکە کەمتر نەبیت لە (٢،٥) مەتر وە دەبێت ڕووبەری شوێنی کارکردن بە لایەنی کەم (١٢) مەتر دووجا بێت بۆ یەک کورسی.

٧-دەبێت پلەی گەرمی ژوورەکە (٢٠ - ٢٤) پلەی سیلیزی بێت.

٨-دەبێت دەست شۆری ئاوی گەرم و ساردی هەبێت وە دەبێت صابونی شلی پێ شۆردن وە خاولی سەفەری لە ژووری چارەسەرکردن هەبێت.

٩- دەبێت ژمارەیەکی گونجاو توالێت هەبێت وە دەست شۆر و صابونی شلی پێ شۆردن وە خاولی سەفەی تێدا ئامادەکراو بێت.

١٠- ئەگەر سەنتەرەکە زیاتر لە چوار جێگای چارەسەرکردنی هەبوو دەبێت توالێتی کارمەندەکانیان جیابکرێتەوە لە توالێتی ئەو کەسانەی بۆ تاتۆ کردن سەردانی دەکەن.

١١- دەبێت دۆڵابەکی باشی هەبێت بۆ هەڵگرتنی پێداویستیەکان.

١٢- دەبێت کۆگایەکی باش دابین بکرێت بۆ جلو بەرگی کارکردن و جلوبەرگی تایبەتی .

١٣- پێویستە ژوورێکی جیاکراوە هەبێت لە سەنتەرەکە بۆ پاککردنەوەی ئامێرەکان.

١٥- شوێنی پێشوازی جیاکرابێتەوە لە شوێنی کارکردن.

١٦- خاوەن و ئەو کارمەندانەی کە لە شوێنەکە کاردەکەن پێویستە کارتی تەندروستیان هەبێت هەر (٦) مانگ جارێک کە دەیسەلمێنێ هیچ نەخۆشیەکی گوازراوەیان نیە بە تایبەتی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر جۆری **(B,C)** ئایدز هەروەها پێویستە کوتانی پێویستی ئەنجام دابێت وە کارتی ڤاکسینیان هەبێت.

١٧-دەبێت ئەو کەسەی کاری تاتۆ کردن ئەنجام دەدات هەڵگری بڕوانامە بێت تایبەت بە پیشەکەی وە بڕوانامەکەی پەسەندکراو بێت لەلایەن.

- وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە.
- سەفارەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە، وە لەو وولاتانەی سفارەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی لێ نیە دەبێت بڕوانامەکەی پەسەندکراو بێت لە سەفارەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم لە وولاتێکی دراوسێ وولاتەکە.

❖ فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی هەرێم لە هەریمی كوردستان.
❖ وەزارەتی تەندروستی/ بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری تەندروستی /بەشی چاودێری تەندروستی پشت ڕاست بكرێتەوە.

١٨-تاتۆ كردن پێویستە تەنها بە ڕێگەی ئامێری تایبەت ئەنجام بدرێت وە ئەو دەرزی و كەرەستانەی كە بەكار دەهێنرێت پێویستە بۆ یەک جار بێت (Disposable).

١٩- پێویستە ئامێری پاكژكەرەوە (Autoclave) لەگەڵ جۆرەكانی تری پاكژكەرەوەی هەبێت بۆ پاكژكردنەوەی ئەو كەل و پەلانەی كە (Disposable) نین.

٢٠- پێویستە ئەو كەسەی كرداری تاتۆكردن ئەنجام دەدات پێش ئەنجامدانی پرۆسەكە:
- دەستی بە ئاو سابون بشوات .
- دەستكێشی تازەو بەروانكە بەكار بهێنێت.
- بۆ هەر كردارێک دەست كێشی تازە بەكار بهێنێت.

٢١- پێویستە ئەو كەسەی كاری تاتۆ كردن دەكات بڕوانامەی بەشداربوونی هەبێت لە خولی فریاگوزاری سەرەتایی ، هۆشیاری تەندروستی دەربارەی نەخۆشیە گوازراوەكان لە ڕێگەی خوێنەوە، یان لە خولێک كە لە بەڕێوەبەراتیەكان ڕێک دەخرێت.

٢٢- ئەو ڕەنگانەی كە بۆ تاتۆكردن بەكاری دەهێنن پێویستە لەو جۆرانە بن كە ڕێگەپێدراون وە بڕوانامەی كوالێتی كۆنترۆڵیان هەبێت .

٢٣- پێویستە لە دوای هەر كردارێكی تاتۆ كردن ئەو كەلوپەلانەی كە (Disposable) نین بە ئۆتۆكلەێف پاكژبكرێنەوە پێش ئەوەی بۆ كەسی دووەم تاتۆكردن ئەنجام بدرێت.

٢٤- پێویستە ڕێنمایی تایبەت بە شێوەی نوسراو پێش ئەنجامدانی تاتۆكە بدرێت بەو كەسەی تاتۆی بۆ ئەنجام دەدرێت ئەمەش لە هاوپێچدا ئاماژەمان پێكردووە.

٢٥- پێویستە فۆرمی تایبەت بە ویستی ئەنجامدانی تاتۆ لە لایەن داواكار پڕبكرێتەوە كە لە هاوپێچدا ئاماژەمان پێ كردوە.

٢٦- پێویستە لابردنی تاتۆ تەنها لە سەنتەرەكانی جوانكاری ئەنجام بدرێت لە ژێر چاودێری پزیشكی پسپۆر.

**ماددەی (٨): ڕێنمایی پێش ئەوەی تاتۆ بكەی پێویستە ئاگاداری زیانەكانی بیت:**

- تاتۆكردن بۆ هەمیشەیی یە. تۆ ژیانت لەبەردەم ماوە، دەبێ بە ووریایی بیر لە هەڵبژاردەكانت بكەیتەوە.
- یەكەم هەنگاو هەڵبژاردنی دیزاینی تاتۆكەیە ، شوێنەكەی ، قەبارەكەی هەروەها ڕەنگی تاتۆیەكە.
- هەر هێڵكارییەک كە پەسەندی دەكەی ، ئەوە سەرەتای كارەكەیە.
- كاتێک كە تاتۆیەک دەكەوێتە سەر جەستەت، ناتوانیت لێی پەشیمان ببیتەوە یان دیزاینەكەی بگۆڕیت.
- تاتۆكان كاری هونەرین بەڵام تێكەڵكاریەكی جەستەییە،دەرئەنجامەكان كاریگەر دەبن بە چەند هۆكارێكەوە وەک بارودۆخی پێست پێش نەشتەرگەری وە چۆن چاک دەبێتەوە دوای ئەنجامدانی تاتۆكە.
- گرنگی بدە بە هەڵبژاردنی وادەی چاوپێكەوتن بۆ ئەوەی لە هەركاتێک بتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە و لە كاتێكی تر ئەنجام بدرێت.

- تاتۆ مەکە ئەگەر لەژێر کاریگەری ماددەی کحولی و ماددەی هۆشبەرەکاندایت.
- بەچـاک نازانرێـت تـاتۆ ئەنجـام بـدرێت ئەگەر بە نیـازی ئەنجامـدانی نەشـتەرگەرییەکی لە داهاتوویەکی نزیکدا.
- ئەگەر خوێنت بەخشی پێویستە تا (٦) مانگ چاوەڕێ بکەی لە ساتی ئەنجامدانی تاتۆکەوە بەڵام دەکرێت خوێن ببەخشیت لە پێش ئەنجامدانی تاتۆ.
- ئەگەری کەم هەیە کە ببێتە هۆی ڕەنگێک یان چەند ڕەنگێکی تر ، ئەوەش تێبینی دەکرێت بەهۆی ڕەنگێکی تاریک یان وورده برین لە تاتۆکەدا یان دەبێتە برینێکی سەخت.
- لەوانەیە تووشی هەستیاری (حساسیە) ببیت بە ئەو ماددەی کە لە مەرەکەبی تاتۆکەدا هەیە ، ئەگەر ئەم حاڵەتە رووی دا ، ئاگاداری ئەو کەسە بکە کە تاتۆکەی ئەنجامداوە یان دکتۆرێک ببینە بۆ چارەسەر.
- ڕێنماییەکان بخوێنەوە بۆ چاودێری کردنت پێش ئەوەی تاتۆ ئەنجام بدەی .
- من ئاگادار کراومەتەوە وتێگەیشتووم لە مەترسییەکانی تاتۆکردن.

**بەڵێننامە / ڕاگەیاندنی تەندروستی**

| | |
|---|---|
| ناوی سیانی | |
| ڕۆژی لە دایک بوون | |
| ژمارەی تەلەفۆن | |
| ئیمێڵ | |
| ئایا هیچ یەک لەم نەخۆشیانەی خوارەوە هەیە؟ | |
| بوونی ڤایرۆسی جگەرە (A,B,C) و ئایدز | |
| حساسیە | |
| هەر نەخۆشیەکی پێست | |
| نەخۆشی شەکرە | |
| پیس بوون ( ژەهراوی بوون )ی لە هەر شوێنیکی لەشدا | |
| نەخۆشیەکانی دڵ | |
| کەمی بەرگری لەش ( Weak immune) | |
| سکپڕی ( pregnant) | |
| نەخۆشی درێژخایەن | ئەگەر وەردەگری چیە و بۆچی؟ |
| هەر تێبینیەکی تر: | |

**ماددەی (٩):**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددەی (١٠):**

ئەم ڕێنمـاییە دوای( ٣ ) مانـگ لە ڕۆژی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ۱۷۱۱ لە ۲۰۲۳/۲/٦**

**ڕێنمایی ژمارە (۱)ی ساڵی ۲۰۲۳**
**هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ۲۰۱۸**

پاڵپشت بە هەردوو نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (۱٥٦٦٦) لە ۲۰۲۲/۱۰/۲٥ و ژمارە (۱٦۲۱٤) لە ۲۰۲۲/۱۱/۹ کە تایبەت بە خەرج کردنی ڕێژەی (۱۰%)ی داهاتی کرێی کارەبا و برگەی(سیانزەهەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بەڕێنماییە داراییەکان ژمارە(٦۹)لە ۲۰۲۲/۱۱/۱٥ و نووسراوی وەزارەتی کارەبا ژمارە (۹۸٦) لە ۲۰۲۳/۱/۲۲ بڕیاردرا بە :-

**یەکەم:** ڕێژەی(۱۰۰%) داهاتی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی کارەبا لە پارێزگاکان بە داهاتی کۆتایی تۆمار دەکرێت بەپێی ڕێنمایی ژمارە (۱)ی ساڵی ۲۰۲۰ .

**دووەم:** خەرج کردنی ڕێژەی(۱۰%)ی ئەم داهاتە بە مەبەستی هاندان و چارەسەرکردنی بارزۆری و چاککردنەوە و دەرهێنانی فیدەر و ئیشپێکردنی تۆڕەکانی کارەبا و گەیاندنی کارەبا و دابین کردنی کەلوپەلی پێویست بۆکۆگاکان و پڕۆژەکان و هاندانی ژمێرکاران و ستافی فرۆشتنی ووزە و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکانی وێستگەکان و فەرمانگەکانی کارەبا لەگەڵ دابین کردنی کەل و پەلی پێویست بۆ ڕاپەراندنی کارەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان .

**سێیەم:**

۱- لە کۆتایی هەموو مانگێک هەر بەڕێوەبەرایەتی گشتییەک ڕێژەی(۸%) داهاتی خۆی لە چوارچێوەی ڕێژەی(۱۰%)ی سەرەوە داوا دەکات بەپێی ڕێنمایی ژمارە (۱)ی ساڵی ۲۰۲۰ .

۲- هیچ نووسراوێک ئاراستەی وەزارەتی دارایی وئابووری نەکرێت بە مەبەستی خەرج کردن و دابین کردنی بابەتەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە .

۳- پێویستە ڕێژەی (۸%)ی سەرەوە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانەی تایبەت بە خۆی هەبێت لە بەڕێوەبەراتیە گشتییەکان بۆ ئەوەی بخرێتە سەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٤- خەرج کردنی پارەی سیستەمی فرۆشیاری ووزە بۆ پشتگیری کردن لە داهات .

**چوارەم:**

۱- ڕێژەی(۲%)هاندان لە چوارچێوەی ڕێژەی(۱۰%)ی سەرەوە بۆ هاندانی ژمێرکاران و ستافی فرۆشتنی ووزە و هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی دابەش کردنی کارەبا لە سنوری گەنجینەی پەیوەندار بەپێی ڕێنماییەکان و لیستی ئامادەکراو لە کۆتایی هەر دەورەیەکی چاپی پسوولەی هاوبەشانی کارەبا لە سەر بوودجەی ئاسایی خەرج دەکرێت بە مەرجێک لە ڕێژەی (۲%)ی داهاتی مانگانە تێپەرنەکات بەپێی کەشفی بانک و نابێت لەسەر داهات خەرج بکرێت .

٢- هەر عەدادێک لە شار و شارۆچکەکانی هەرێم بۆ مەبەستی دابەش کردنی پسوولەی کارەبا بڕی (٥٠) تەنها پەنجا دینار بۆ هەر پسوولەیەک هاندانی بۆ هەژمار دەکرێت .

٣- هەر عەدادێک بڕی پارەی داواکراوی (٧٠%)ی کەمتر لە ژمارەی پسوولەکانی دابەشکراو کۆ بکاتەوە بۆ هەر پسوولەیەک بڕی(٢٠٠) تەنها دوو سەد دینار بۆ خەرج دەکرێت .

٤- هەر عەدادێک بڕی پارەی داواکراوی(٧٠%)ی زیاتری کۆکردەوە بۆ هەر پسوولەیەکی سەروو(٧٠%)بڕی(٢٥٠) تەنها دوو سەد و پەنجا دیناری بۆ خەرج دەکرێت .

٥- هەر عەدادێک لە دەرەوەی و شارۆچکەکانی هەرێم بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە لە هەر بڕگەیەک دوو هێندەی بۆ هەژمار دەکرێت .

٦- خەرج کردنی بڕی (١٠٠)سەد دینار بۆ هەر پسولەیەکی خوێندنەوەی هاوبەشانی بەردەوام بۆ ئەو فەرمانبەرە ژمێریارانەی کە هەڵدەستن بە تۆمارکردنی زانیاری ژمێریاری و ڕێکخستنی دەفتەرەکانی وەرگرتن و تۆمارکردنی زانیاری و هێنانی لیستەکان و کاری هاوولاتی و خەزنەدارەکان و کارمەندانی کەشف و ووردبینی پسولە و داخل کردنی داتا و زانیاریەکان و پشکنینی پێوەر و کەشف و بەستنی پێوەر و گۆرینی پێوەری کارەبا و مۆرکردنەوە بۆ کارمەندانی خزمەتگوزاری و پشکنینی پێوەری کارەبا وەکو هاندەر .

٧- أ.خەرج کردنی ڕێژەی(١%)قەرزی وەرگیراو بۆ ئەو لیژنەیەی کە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی قەرزی پارەی کارەبا کە لە دەورەکانی پێشوو ماوەتەوە بە مەرجێک هاندانەکانی لە (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە زیاتر نەبێت بۆ هەر کارمەندێک و ئەم قەرزە فەرمانگەکانی میری ناگرێتەوە و دیاری کردنی لیژنەکە بەفەرمانی کارگێری دەبێت لە پێنچ کەس زیاتر نەبێت .

ب.کرینی کەل و پەلی پێویست لە (اثاث و سپلیت و ئامێر و کۆمپیوتەر) بۆ بنکەکانی فرۆشیاری ووزە لەسەر داهاتی خۆیان لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی وئابووری / ب.گشتی ژمێرکاری / ب.خەرجییەکان .

٨- چاککردنەوەی ئامێر و ئۆتۆمبێلەکان لەگەڵ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ فەرمانگەکانی کارەبا .

٩- بە کرێ گرتنی کرێکار بۆ کۆکردنەوەی داهات .

١٠- خەرج کردنی پارەی سیستەمی فرۆشیاری ووزە بۆ پشتگیری کردن لە داهات .

١١-نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا دوو دەرماڵەی هاندان پێکەوە خەرج بکرێت بۆ هەمان کەس .

١٢- نابێت بڕی هاندانەکە لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار زیاتر بێت بۆ هەر دەورەیەک و لە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠)سێ ملیۆن دینار زیاتر بێت ساڵانە .

**پێنجەم:**

١- نرخی پێوەر و پێوەلکاوەکانی بەپێ ی خشتەی خوارەوە دەبێت :

| ژ | جۆری پێوەر | تێچووی پێوەروپێوەلکاوەکان(دینار) | تێچووی بەستن (دینار) | تێچووی گشتی (دینار) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەک رەوگە | ٨٠٠٠٠ | ٢١٧٥٠ | ١٠١٧٥٠ |
| ٢ | سێ رەوگە | ٣٤٠٠٠٠ | ٥٨٠٠٠ | ٣٩٧٠٠٠ |
| ٣ | سێ رەوگە سی تی | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٨٠٠٠ | ٣٥٨٠٠٠ |
| ٤ | سێ رەوگە سی تی و فی تی | ١٠٠٠٠٠٠ | ٥٨٠٠٠ | ١٠٥٨٠٠٠ |

٢- فرۆشتنی(پێوەری زیرەک,پێوەلکاوەکان و بەستن) بە یەک پسوولە(٣٧أ) دەبێت .

٣-خەرجکردنی پارەی(پێوەر و پێوەلکاوەکان) لەسەر هەمان ئەژماری وەزارەت دەبێت .

٤- رێژەی(١٠٠%)ی پارەی بەستن دەبێتە داهاتی کۆتایی بەپێی رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و (١٠%)ی دەگەرێتەوە بۆ وەزارەتی کارەبا و بخرێتە سەر(٢%)ی فرۆشیاری ووزە و کارمەندانی بەستن .

٥- هەر جۆرە رسوماتێکی تر وەربگیرێت بەپێی پسوولەی پارە وەرگرتن بۆ گۆرینی پێوەر یاخود گۆرینی رەوگە یان هەر مامەلەیەکی تری فرۆشتنی ووزە ڕێنمایی وەزارەتی کارەبا ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٩ دەکرێتە بنەما.

**شەشەم:** سەرجەم خاڵەکانی سەرەوە بە ڕەچاوکردنی گشتاندنمان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەبێت.

**حەوتەم:** کار بە ڕێنماییمان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ .

**شەشەم:** ئەم رێنماییە لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ ەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٩٨٣ لە ٢٠٢٣/٢/١٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (١٣) ماددەی (١) لە یاسای (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان- عێراق ،و بڕگەی سێیەم لە ماددەی دووەم لەیاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری ڕێنمایی دروستکردنی پۆند ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

١- هەموارکردنی ماددەی (٥) لە ڕێنمایی دروستکردنی پۆند ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی (٥):**
( کاتێک بەرزی پۆند لە هەشت مەتر زیاتر بێت دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیە کە بڕیار بدات بە پەسندکردن لەسەر بنەمای هونەری و زانستی ).

٢- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٧٥٩ لە ٢٠٢٣/٢/٢**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (باران)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەرێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو و نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە(٤٢٩) لە ٢٠٢٣/١/١٠ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارماندا بە :

- هێنانە کایەی گوندی **(باران)** لە سنوری ناحیەی رزگاری لە قەزای خەبات لەسەر بەشێک لە کەرتی **( ٥٩/چالوگی گەورە)** بە ڕووبەری**(١٦)** دۆنم وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای هەولێردا هاتووە .
- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبووەنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێ.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٧٦٠ لە ٢٠٢٣/٢/٢**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە هێنانە کایەی گوندی (گردەکەوان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەرێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو و نووسراوەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ژمارە(١٣١) لە ٢٠٢١/١٢/٢ و (١٣٧٦) لە ٢٠٢٢/٦/١٩ و (٢٣٨٥) لە ٢٠٢٢/١٠/١٨ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٤٤٨١) لە ٢٠٢٢/١١/١ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارماندا بە :

- هێنانە کایەی گوندی **(گردەکەوان)** سەر بە ناحیەی دیانا / قەزای ناوەندی سۆران / ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لەسەر پارچە زەوی **(٩/١)** بەردەلان لە کەرتی **(١١)** دیلزیان بە ڕووبەری **(١٨)** دۆنم وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران هاتووە .
- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبووەنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێ.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٧٤١/٢٠ لە ٢٠٢٣/٢/١٢**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- کردنەوەی (**فەرمانگەی دادنووسی ئێوارانی هەولێر/٢**) لە پارێزگای هەولێر.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٣٣ لە ٢٠٢٣/١/١٩**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێنانە کایەی (استحداث) دوو سەنتەری ( **ئۆتیزم و سەنتەری شیاندنی خاوەن پێداویستی تایبەت**) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە لەبەر پێداویستیان .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٨٣٣ لە ٢٠٢٣/١/٣١**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێنانە کایەی (استحداث) کردنی ( **هۆبەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کۆیە**) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران / هەولێر .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٨٣٣ لە ٢٠٢٣/١/٣١**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێنانە کایەی (استحداث) کردنی ( **هۆبەی یاسایی**) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زاخۆ لەبەر ئەوەی سەرجەم کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو بەڕێوەبەراتیە ئەنجام دەدرێت .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( **یەکەی تێکچوونی پێی منداڵانی زکماک**) لە سەنتەری دهۆک تایبەت بەدەستنیشانکردنی پێشوەختەی پەککەوتنی منداڵان ، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/٥.

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( **یەکەی مۆلیکیولەری بایۆلۆجی**) لە نەخۆشخانەی نەشتەرگەری فێرکاری ، سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/١٥.

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٤٦) بڕگەی (٢) لە یاسای بەرەنگار بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ ، بڕیارماندابە:

**یەکەم :** دانانی ماددەی (Methamphetamine) ( **کریستال**) لە خشتەی ژمارە (١) و لابردنی لە خشتەی ژمارە (٦)ی یاسای بەرەنگار بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارەی عەقلیەکان .

**دووەم :** هاوپێچکردنی دەرمانی (Carbamazepine,Trihexyphenidyl,Gabapentin,Pregabalin) بۆ خشتەی ژمارە (٨)ی یاسای بەرەنگار بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکاری عەقلیەکان .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/١٩.

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( **بنکەی تەندروستی زانکۆی ئەمریکی کوردستان**) لە قەزای سێمێل ، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/٢٣.

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( **بنکەی تەندروستی دیاری قەزاز**) لە ناو پرۆژەی دیلان ستی / قرگە ، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/٣٠.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٤) لسنة ٢٠٢٣**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١٤) بتاريخ ٢٠٢٢\١١\٢٩، قررنا إصدار:

## القانون رقم (١٥) لسنة ٢٠٢٢
## قانون إنفاذ وتعديل تطبيق قانون التوقيع الإلكتروني والمعاملات الإلكترونية رقم (٧٨) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان - العراق

**المادة (١):**

ينفذ قانون التوقيع الإلكتروني والمعاملات الإلكترونية رقم (٧٨) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان - العراق، ويعدل تطبيقه.

**المادة (٢):**

لغرض تنفيذ هذا القانون تحل مؤسسات ودوائر الإقليم وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها أينما ورد ذكرها في القانون.

**المادة (٣):**

يعدل تطبيق الفقرات (**أولاً، ثانياً، رابعاً، سادساً، ثامناً، خامس عشر، سابع عشر**) من المادة (١) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:-

**أولاً: الدائرة**: دائرة تكنولوجيا المعلومات في مجلس وزراء إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً: رئيس الدائرة**: رئيس دائرة تكنولوجيا المعلومات.

**رابعاً:**

١- **التوقيع الإلكتروني:** علامة شخصية تتخذ شكل حروف أو أرقام أو رموز أو إشارات أو أصوات أو غيرها وله طابع متفرد ويثبت الهوية الشخصية لصاحبه ويكون معتمداً من سلطة التصديق.

٢- **التوقيع الرقمي**: نوع معين من التوقيع الإلكتروني يعتمد على شهادة بحيث يثبت المعلومات الموقعة وأصالة الشخص الموقع، ويدل على نسبة الاسم أو الاسم المستعار لهذا الشخص في الأقل.

**سادساً: المعاملات الإلكترونية**: تشمل المعاملات المدنية والتجارية والإدارية والمالية وما يتعلق بها من الطلبات والإجراءات والعقود والسجلات والخطابات والسندات الإلكترونية القابلة للتحويل والتداول والتي تمثل قيم مالية ونقدية، والمشتقات المالية والتي تتم بوسائل إلكترونية.

**ثامناً: الوسيط الإلكتروني**: برنامج إلكتروني أو أية وسيلة إلكترونية أخرى تستخدم لغرض تنفيذ إجراء أو الاستجابة لإجراء، أو بقصد إنشاء أو إرسال أو تسلم معلومات بشكل كلي أو جزئي دون تدخل أو مراجعة من أي شخص وقت التنفيذ أو الاستجابة.

**خامس عشر: الموقع**: الشخص الحائز على بيانات وأداة التوقيع الإلكتروني الخاصة به، والذي يستخدمه في التوقيع على معاملة إلكترونية باسمه أو باسم من ينوب عنه أو يمثله قانوناً.

**سابع عشر: أداة التوقيع**: أداة تستخدم لإنشاء التوقيع الإلكتروني كبرنامج مجهز أو جهاز إلكتروني.

**المادة (٤):**

تضاف فقرة بتسلسل (**ثالثاً**) إلى المادة (٣) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:-

**ثالثاً:**

**١**- يجوز فقط تقديم الطلبات والأوراق والوثائق اللازمة المتعلقة بالمعاملات الواردة في البنود (أ، ب، ج، د، و) من هذه المادة، بطريقة إلكترونية إلى الجهات الرسمية ذات العلاقة بما يتناسب مع طبيعتها القانونية لغرض تسهيل تنفيذها.

**٢**- يجوز أن تكون إجراءات المحاكم والتبليغات القضائية وتبليغات الحضور وأوامر التفتيش وأوامر القبض والأحكام القضائية بطريقة إلكترونية بما يتناسب مع طبيعتها القانونية بعد تأمين المستلزمات القانونية والفنية والتقنية وتدريب القضاة والموظفين ذات العلاقة.

**المادة (٥):**

يعدل تطبيق المادة (**٢٨**) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:-

يصدر مجلس وزراء إقليم كوردستان نظاماً لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٦):**

يوقف تطبيق مضمون المادة (**٢٩**) من القانون وتعاد صياغتها على الوجه الآتي:-

**أولاً**: تحدد بنظام الشروط والإجراءات المتعلقة بالختم الإلكتروني والرقمي للمواطنين والصفة الرسمية للسندات الإلكترونية.

**ثانياً**: تحدد بنظام الإجراءات المتعلقة بإنشاء المحررات وإيداعها وحفظها ونسخها واستخدام التواقيع الإلكترونية عليها بما يضمن سرية المعلومات وسلامتها.

**ثالثاً**: للجهات الرسمية تنفيذ المهام التالية بطريقة إلكترونية:

١- إنشاء السندات وقبولها وإيداعها وتقديمها والاحتفاظ بها.

٢- منح الإجازات والتراخيص والموافقات وإصدار القرارات.

٣- قبول المدفوعات أو استحصال الرسوم.

٤- طرح العطاءات الحكومية بما يتفق مع أحكام القوانين النافذة في هذا المجال.

**رابعاً:** لا يجوز في غير الأحوال المصرح بها قانوناً، للجهات الحكومية وغير الحكومية ذات العلاقة والعاملين فيها والمطلعين بحكم وظائفهم على المعلومات والبيانات الشخصية للمتعاملين في النظام الإلكتروني الإفصاح عنها إلا بموافقة صاحبها أو من يمثله أو بقرار قضائي، ولا يجوز لهم استخدامها بصورة غير مشروعة.

**المادة (٧):**

يضاف فصل بتسلسل (الثامن) باسم (أحكام عقابية) إلى القانون ويتألف من المواد (٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦)، ويصبح الفصل (الثامن) من القانون الفصل التاسع له، ويقرأ على الوجه الآتي:-

**الفصل الثامن**

**أحكام عقابية**

**المادة (٣٠): المضافة**

مع عدم الإخلال بأية عقوبة أشد واردة في القوانين النافذة في الإقليم، يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (٦) ستة أشهر ولا تزيد على (٣) ثلاث سنوات، وبغرامة لا تقل عن (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليوني دينار ولا تزيد على (٤,٠٠٠,٠٠٠) أربعة ملايين دينار، كل من:-

**أولاً:** قام بإنشاء أو نشر أو تقديم مستند إلكتروني لأي غرض غير مشروع.

**ثانياً:** دخل بشكل غير مشروع إلى قاعدة بيانات خاصة بالتواقيع والمستندات الإلكترونية أو بقى فيها.

**ثالثاً:** أدخل بطريق الغش بيانات في نظام معالجة المعلومات أو أزال أو عدل بطريق الغش البيانات التي يتضمنه.

**رابعاً:** حاز أو أفشى أو استعمل بيانات إنشاء توقيع إلكتروني خاصة بالغير دون إذن منه.

**المادة (٣١): المضافة**

يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على (١) سنة وبغرامة لا تقل عن (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار ولا تزيد على (٣,٠٠٠,٠٠٠) ثلاثة ملايين دينار، كل من:-

**أولاً:** قدم معلومات غير صحيحة بقصد الحصول على تراخيص إصدار شهادات التصديق و تجديدها وإلغائها.

**ثانياً:** أدلى بإقرارات كاذبة للحصول على شهادة التصديق.

**المادة (٣٢): المضافة**

تعاقب جهة التصديق بغرامة لا تقل عن (٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة ملايين دينار ولا تزيد على (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار في إحدى الحالتين الآتيتين:-

**أولاً:** ممارسة خدمات التصديق الإلكتروني دون ترخيص، أو استئناف أو مواصلة نشاطها على الرغم من إلغاء ترخيصها أو انتهائه دون تجديده، أو الاندماج مع جهة أخرى أو التنازل عن الترخيص خلافاً لأحكام هذا القانون.

**ثانياً:** إفشاء أحد عملائها أو استغلال المعلومات المتوفرة لديها المتعلقة بطالب شهادة المستندات الإلكترونية لأغراض أخرى غير أنشطة التوثيق الإلكتروني دون الحصول على الموافقة الخطية لطالب الشهادة، ولا تحول هذه العقوبة دون فرض أية عقوبة أخرى واردة في هذا القانون أو القوانين النافذة الأخرى لمعاقبة شخص الفاعل.

**المادة (٣٣): المضافة**

مع عدم الإخلال بأية عقوبة أشد واردة في القوانين النافذة في الإقليم، يعاقب بالحبس أو السجن وبغرامة لا تقل عن (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليوني دينار ولا تزيد على (٤,٠٠٠,٠٠٠) أربعة ملايين دينار، كل من:-

**أولاً:** أتلف أو خدش أو زور بأية طريقة توقيعاً أو وسيطاً أو مستنداً إلكترونياً أو استعمله بشكل غير مشروع.

**ثانياً:** توصل بأية وسيلة غير مشروعة على توقيع أو وسيط أو مستند إلكتروني أو اخترق هذا الوسيط أو اعترضه أو عطله.

**المادة (٣٤): المضافة**

**أولاً:** فيما عدا الأحكام الخاصة الواردة في هذا القانون، يعاقب كل من يخالف الأحكام الأخرى لهذا القانون بالحبس مدة لا تزيد على (٦) ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار أو بكلتا العقوبتين.

**ثانياً:** يلغى ترخيص الشخص عند إدانته بإحدى الجرائم الواردة في هذا القانون.

**المادة (٣٥): المضافة**

يتمتع الأشخاص العاملون في الجهة المختصة بتنفيذ هذا القانون بصفة عضو الضبط القضائي في إطار واجباتهم بالنسبة للجرائم المنصوص عليها في هذا القانون.

**المادة (٣٦): المضافة**

يعد ظرفاً مشدداً للعقوبات الواردة في هذا القانون إذا ارتكبت الجريمة من قبل موظف له علاقة بتنفيذ القانون.

**المادة (٨):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة (٩):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٠):**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٩٠) تسعين يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

من أجل مواكبة التطورات السريعة في مجال تكنولوجيا المعلومات بما يخدم التقدم الاقتصادي في الإقليم وانسجاماً مع المجتمع الدولي في مجال التجارة من خلال توحيد الأحكام القانونية المتعلقة بالمعاملات الإلكترونية وتسهيل التجارة والمعاملات المالية والإدارية وإزالة العوائق والتحديات أمامها من خلال تطوير البنية القانونية للتوقيع الإلكتروني والمستندات الإلكترونية ومنحها الحجية القانونية اللازمة، وضمان نقل هذه المستندات والتعامل بها بين الأطراف المعنية من خلال خدمات آمنة ومحمية، بحيث يتضمن القانون أحكاماً خاصة بحماية السرية وخصوصية البيانات والمعلومات الشخصية والحد من إساءة استخدام التوقيع الإلكتروني من مختلف صنوف التجاوز في المعاملات الإلكترونية بما يضمن حفظها ويعزز ثقة المتعاملين بها، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٣/٢/٥**